المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية ص: ٧٢-١٠١
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

# هەڵسەنگاندنی سیستمی وەرگرتنی راستەوخۆ لە زانكۆكانی هەرێمی كوردستان
# "لێكۆلینەوەیەكی شیكاری بەراوردكاریە"

م.م.دلۆڤان اسعد محمد
كۆلێجی كارگێری و ئابوری- زانكۆی سلێمانی- عێراق

م.م.احمد طه بلال
كۆلێجی كارگێری و ئابوری- زانكۆی سلێمانی- عێراق

أ.م.د. یونس علی احمد
كۆلێجی كارگێری و ئابوری- زانكۆی سلێمانی- عێراق

ahmedt.bilal@yahoo.com

## پوختە

كۆتایی سەدەی بیست و سەرەتاكانی سەدەی بیست و یەک، جیهان گۆرانكاری زۆر و جۆراوجۆری بەخۆوە بینی، بەتایبەت لە بوارەكانی ئابوری و بازار سازی دا، هاوكات جۆرێكی نوێ لە كێبركێ هاتۆتە ئاراوە ، ئەم واقیعە نوێیە گرنگی و بایەخدانی بە خوێندن و پیادەكردنی سیستمی نوێی خوێندن زیاد كردوە ، و ئەنجامدانی گۆرانكاری پێویست كردوە لە سیستمی وەرگرتنی خوێندكاران و گۆرانی پرۆگرامەكانی خوێندن بە شێوەیەك كە لەئاستی ئەو گۆرانكاریانەدا بێت.

دوای تێپەربوونی نزیكەی (٥٠) ساڵ بەسەر سیستمی وەرگرتنی ناوەندی (القبول المركزی)لە عێراق كە هاوكاتە لە گەڵ دامەزراندنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی عێراق ساڵی ١٩٧٠ ، سیستمی خوێندنی باڵا بە گشتی و سیستمی وەرگرتنی ناوەندی بەتایبەت نەیانتوانیوە داواكاری و پێداویستیەكانی بازاری كار دابین بكەن . لەرابردودا وەرگرتنی خوێندكار لە زانكۆكانی هەرێمی كوردستان پشت بەستوو بوە بە نمرەكانی تاقیكردنەوەی وزاری (پۆلی ١٢) یاخود نمرەكانی ساڵانی پێشووی (قۆناغی ئامادەیی)، لەراستیدا نمرەی تاقیكردنەوەكان بەتەنیا رەنگدانەوەی راستەقینەی توانای خوێندكاران ناگەیەنێت، هاوكات ناتوانێت رەنگدانەوەی راستەقینەی قۆناغەكانی دواتر بێت لە خوێندنی باڵا.  وە بۆ ئەم ساڵی خوێندن (٢٠١٧ -٢٠١٨) وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی كوردستان سیستمی وەرگرتنی راستەوخۆی خوێندكارانی لە زانكۆو پەیمانگا حكومییەكان بە شێوەیەكی نیمچەیی پیادەكردوە .

هەر بۆیە ئامانجی سەرەكی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە هەڵسەنگاندنی سیستمی وەرگرتنی راستەوخۆ لە زانكۆكانی هەرێمی كوردستان وە بەدیارخستنی لایەنە باش و خراپەكانی سیستمەكە، و یارمەتیدانی لایەنی پەیوەندیدار لە كەمكردنەوەی خاڵە لاوازەكانی سیستمەكە. بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەكە ، میتۆدی شیكاری وەسفی بەكار هێنراوە كە پشتی بەستوە بە فۆرمی راپرسی بۆ خۆێندكاران و ئەنجامدانی چاوپێكەوتن لەگەڵ بەپرسە كارگێریە پەیوەندیدارەكان، وە دووبارە تێستكردنەوەی پرسیاری ئەزموونەكان.

توێژینەوەكە گەیشتۆتە چەند دەرئەنجامێكی گرنگ، لەوانە زۆرینەی خوێندكاران(٣٧,١٥%) بە ناچاری بەش و پسپۆریەكانیان هەڵبژاردوە، هاوكات حەز و ئارەزوو و توانای خوێندكار بە پلەی دووەم دێت بەرێژەی (٣٩,٧١%)، وە بەگشتی خوێندكاران  پێیان وایە سیستمی وەرگرتنی راستەوخۆ باشترە لە سیستمەكانی ( وەرگرتنی ناوەندی و زانكۆلاین)، بەڵام پێویستی بە (رێكخستن و چاكسازی و پەرەپێدانی تەكنیكی و كارگێری) زیاتر هەیە. وە پێویستە تەواوكاری و پەیوەندی تەواو هەبێت لە نێوان سیستمی پەروەردە و

سیستمی خوێندنی باڵا، بەشێوەیەك لەیەك كاتدا ئارەزو و توانای خوێندكاران بەهەند وەربگرێت وە داواكاری و پێداویستیەكانی بازاری كار دابین بكان.

**ووشە سەرەكیەكان:** خوێندنی باڵا ، سیستمی وەرگرتن ، ئارەزووی خوێندكار ، پێداویستی بازاری كار ، كۆلێجی كارگێری و ئابوری ، زانكۆی سلێمانی.

## الملخص

في نهاية القرن العشرين وبداية القرن الواحد والعشرين ، شهدت العديد من جوانب العالم تغيرات ، لا سيما الجوانب الاقتصادية والتسويقية. ونتيجة لذلك ، ازدادت قيمة نظام التعليم والتعليم ، كما واجه النظام التعليمي العديد من التغييرات في مجالات مختلفة ، فعلى سبيل المثال ، تغير نظام القبول في برامج الطلاب والدراسة لكي يكون متسقًا مع الظروف الجديدة.

بالإضافة إلى ذلك ، في العراق على مدى السنوات الخمسين الماضية "عندما تأسست وزارة التعليم العالي في العراق (١٩٧٠)" القبول المركزي لنظام التعليم العالي الذي يعتمد فقط على درجات الطلاب في المدرسة الثانوية وهو غير مناسب لأن الطالب قد يكون قبلت في الكلية التي لا تتوافق مع رغبتهم وقدرتهم. علاوة على ذلك ، لا يمكن أن توجد علاقة بين قبول الطلاب في الجامعات ومتطلبات سوق العمل. وبالمثل ، تم استخدام نظام "القبول المركزي" في إقليم كردستان. من الواضح أن درجات الطلاب قد لا تمثل بالفعل رغبة الطلاب وقدرتهم ، وليست القياس المناسب فقط. علاوة على ذلك ، هناك علاقة ضعيفة للغاية بين المدارس الثانوية وبرامج التعليم العالي. ومع ذلك ، في العام الدراسي (٢٠١٧-٢٠١٨) في الجامعات الحكومية والمعتمدة ، تم تطبيق نظام قبول جديد وهو "القبول المباشر" من قبل وزارة التعليم العالي والبحث العلمي في إقليم كردستان.

الهدف الرئيسي من هذه الدراسة هو تقييم نظام القبول المباشر الذي تم استخدامه في جامعات إقليم كردستان في العام الدراسي (٢٠١٧-٢٠١٨) ، ومساعدة السلطات المسؤولة من خلال اختيار الجانب الإيجابي والسلبية الرئيسي لهذا النظام من أجل جعل أفضل ونظام مناسب للمستقبل. تم استخدام المنهج الوصفي في هذه الدراسة من خلال استخدام الأسئلة الخاصة بالطلاب المقبولين والطلاب السابقين (المراحل الثانية والثالثة والرابعة) والمقابلة المباشرة مع موظفي الإدارة في وحدات التسجيل في جامعة السليمانية وأسئلة الاختبار التي يجب على الطلاب أخذها عند التقدم بطلب للحصول تم فحص الجامعة وتقييمها مرة أخرى. وعلاوة على ذلك، حددت الدراسة الحالية بعض الاستنتاجات الهامة على سبيل المثال ؛ اختارت مجموعة متنوعة من الطلاب (٣٧,١٥ ٪) قسمهم إلزامي ، واختارت فقط (٢٩,٧١ ٪) قسمهم وفقا لرغبتهم وقدرتهم. وأخيرًا ، يشير غالبية الطلاب إلى أن نظام القبول المباشر أفضل من النظام السابق ، ولكنه يحتاج إلى تحسينات.

**الكلمات المفتاحية:** التعليم العالي ، نظام القبول ، رغبة الطلاب ، متطلبات سوق العمل ، كلية الإدارة والاقتصاد – جامعة السليمانية.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.3

**Abstract:**

At the end of twentieth century and the beginning of twenty-one centuries, many aspects of the world have been changes, especially economy and marketing aspects. Consequently, the value of learning and education system has been increased, as well as education system has confronted many changes in different fields, for instance admission system for student and study programs has been change in order to be consistent with new circumstances.

In addition, in the Iraq for the last fifty years "when ministry of high education is founded in Iraq (1970)" the central admission of high education system which depend only on student grades in the high school which is not appropriate because student may be accepted in the collage that is not compatible with their desire and ability. Furthermore, a relationship cannot be existed between students' admission in universities and labour market demands. Likewise, "central admission" system has been used in Kurdistan region. It is an obvious that students' grades may not represent really the desire and ability of students and it is not only appropriate measurement. Moreover, a very weak relationship between from high school and high education programs. However, in academic year (2017-2018) in government universities and instituted, new admission system which is "direct admission" has been applied by ministry of high education and scientific research in Kurdistan region.

The main objective of this study is to evaluate the direct admission system that has been used in Kurdistan region universities in academic year (2017-2018), and help the responsible authorities by selecting the main positive and negative aspect of this system in order to make it better and an appropriate system for the future. Descriptive method has been used in this study by using questionaries' for new admitted and previous students (second, third and fourth stages), direct interview with administration employees in Sulaimani university registration units, and the test questions that students should be take when apply for university have been checked and evaluated again. Moreover, current study identified some crucial conclusions for instance; variety of students (37.15%) chose their department compulsory, and only (29.71%) selected their department according to their desire and ability. Finally, majority of students indicate that direct admission system is better than previous one, but it needs improvements.

**Keywords:**high education, Admissions system, Students desire,Labor market requirements,College of Management and Economics - University of Sulaimani.

## پێشەکی:

وەك ئاشكرایە وڵاتانی جیهان سەرەڕای جیاوازیان لە ئاست و بنەماكانی پێشكەوتن، هەریەكەیان خاوەنی سیستمێكی فێركردنی تایبەتن، ئەوەی جێ ی سەرنجە پاش جەنگی جیهانی دووەم هەندێك لە وڵاتان توانیان سیستمی فێركردنیان بگۆڕن لەوەی كەئامانجی تەنها فێركردن و دابین كردنی خزمەتگوزاریی بەكاربەرەكی كۆمەڵایەتی بێت بۆ سیستمێكی بەرهەمهێن كە بەدیهێنەری كۆمەڵە ئامانجێك بێت، وە لەهەمان كاتدا ئەو وڵاتانە توانیان كاولكاریەكانی جەنگی جیهانی دووەم بەشێوەیەكی سەر سورهێنەرو و خێرا بنیات بنێنەوە، ئەویش بەهۆی هەبوونی سیستمێكی فێركردنی بەهێز، هەربۆیە

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

لەو ماوەدا زۆرێك لەزاناكان داوای فێركردنی زۆرە ملێ یان دەكرد وە هەندێكی تریان پاراستنی سامانی كۆمەڵگەیان بەستبوەوە بەفێركردن و سیستەمی فێركردنی پێشكەوتوو .

بەگشتی لە كۆتایی سەدەی بیست و سەرەتاكانی سەدەی بیست و یەك جیهان گۆڕانكاری گەورە و ڕیشەیی بەخۆوە بینی لە بوارە جیاجیاكانی ژیان، بە تایبەت بوارەكانی فێركردن و خوێندن و شێوازەكانی فێركردن و ڕێگاكانی تاقیكردنەوە و شێوازەكانی وەرگرتنی خوێندكاران لە ناوەندە جیاجیاكانی خوێندن و هەڵسەنگاندنی ئاستی زانستی و لێهاتوویان.

دوای ڕوخانی رژێمی پێشوو(٩-٤/٢٠٠٣)، هەرێمی كوردستان گۆڕانكاری و كرانەوەی بەخۆوە بینی ، بەتایبەت گۆڕانكاری لە بواری فێركردن و شێوازی وەرگرتنی خوێندكار لە زانكۆكان. ئەوەی جێی ئاماژەیە بۆ ئەم ساڵی خوێندن (٢٠١٧ – ٢٠١٨ ) زۆرێك لە بەش و كۆلێج و سكوڵ و فاكڵتیەكانی زانكۆكانی هەرێمی كوردستان گۆڕانكاریان كرد لە سیستمی وەرگرتنی خوێندكاران لە ژێر ناونیشانی سیستمی وەرگرتنی راستەوخۆ ، هەرچەندە پرۆسەكە تاڕادەیەكی باش بەڕێوەچوو، بەڵام سیستمەكە تازەیە و پرۆسەكە لەسەرەتادایە و بەردەوامی هەیە ،و پێویست دەكات خاڵە بەهێز و لاوازەكانی سیستمی وەرگرتنی راستەوخۆ دیاری بكرێت و هەوڵی باشكردنی پرۆسەكە بدرێت لە ساڵانی داهاتوودا .

هەربۆیە ئەم توێژینەوەیە تەنها هەڵسەنگاندن دەكات بۆ ئەو لایەنانەی كە لە پرۆسەی (سیستمی وەرگرتنی راستەوخۆ) كۆتایی پێهاتووە كە بریتین لە (شێوازی وەرگرتنی خوێندكار،ئاستی تاقیكردنەوەكان)، ئەویش لەرێگەی پشت بەستن بە بۆچوونی (خوێندكارانی وەرگیراو لەبەشەكان و كەسانی شارەزاو پسپۆر و كارگێریی پەیوەندیدار). ئەم توێژینەوەیە جەخت دەكاتە سەر هەڵسەنگاندنی لایەنە باش و لاوازە كانی سیستمی وەرگرتنی راستەوخۆ كۆلێجی كارگێری و ئابوری – زانكۆی سلێمانی وەك نمونەی توێژینەوەكە. لە پێناو زیادكردنی توانا و لیهاتووی سیستمی فێركردن و پێگەیاندنی فەرمانبەر و كارمەندی بەتوانا وە پركردنەوەی پێداویستیەكانی بازاری كار، وە دواجار بەدیهێنانی گەشەی ئابوری لە هەرێمی كوردستان. هەر بۆیە ئەم توێژینەوەیە دەبێتە بنەمایەكی باش بۆ توێژەرانی دواتر ، كە شێوازی تر و كۆلێجی تر بكەنە نموونەی توێژینەوەكانیان .

## كێشەی توێژینەوەكە:

سەرەڕای ئەو گۆڕانكاریە هەمەجۆرانەی كە لەبوارەكانی پەروەردە و فێركردنی هەرێمی كوردستان هاتۆتە كایەوە، كە بە شێوازی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ تێكەڵی سیستمی خوێندن و فێركردنی جیهانی بووە، بەڵام تائێستا كێشە و گرفتی (شێوازی پێشكەشكردن لە زانكۆ حكومییەكان، شێوازی پەسەندكردن و وەرگرتنی خوێندكاران ، رێگاكانی هەڵسەنگاندنی توانا و حەزی خوێندكار) بەردەوامی هەیە ، وە هاوكات نمرە و تاقیكردنەوەكان پێوەری سەرەكی و یەكلایكەرەوەن لە وەرگرتنی خوێندكاران، نەك حەز و ئارەزو ، و توانا و لێهاتووی خوێندكاران.

## گرنگی توێژینەوەكە و هۆكاری هەڵبژاردنی :

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەدایە :


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.3

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

١. هەڵسەنگاندن بۆ پرۆسەی وەرگرتنی خوێندکاری زانکۆ پێویستیەکی هەمیشەیی یە لە بواری فێرکردن بەگشتی و گرنگیەکی زۆری هەیە لە دیاریکردنی بواري كاركردني دە رچووان لە ئایندە دا .

٢. ئەم توێژینەوەیە هەڵسەنگاندنی کردووە بۆ سەرجەم بوارەکان (خوێندکارانی بەش و قۆناغە جیاکان ، مامۆستا شارەزا و پسپۆرەکان ، یەکە کارگێریەکان)، هاوکات سەرجەم پێوەرە گرنگەکان بەکارهێناوە لەم بوارەدا (پرسیاری تاقیکردنەوەکان ، گرفتە کارگێریەکان ، حەز و ئارەزووی خوێندکار ،هۆکارەکانی پێشکەشکردن) .

٣. ئەم توێژینەوەیە دەبێتە نیشاندەرێکی باش بۆ بەدیارخستنی لایەنە باش و لاوازەکانی سیستمی وەرگرتنی ڕاستەوخۆ ، هاوکات یارمەتیدەر دەبێت بۆ لایەنی پەیوەندیدار بۆ چاکسازیکردن لەم بوارەدا.

### گریمانی توێژینەوەکە:

گریمانی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لەم خاڵانەی خوارەوە :

١. سیستمی وەرگرتنی راستەوخۆ کاریگەری ئەرێنی هەیە لە بەدیهێنانی ئامانجە زانستی و ئەکادیمیەکان و بەدیهێنانی حەز و ئارەزووی خوێندکار .

### پرسیارەکانی توێژینەوەکە:

١. ئایا سیستمی وەرگرتنی راستەوخۆ دەتوانێت ئارەزووی خوێندکار بێنێتەدی؟

٢. ئایا سیستمی وەرگرتنی راستەوخۆ دەتوانێت ئاستی زانستی زانکۆکان بەرزبکاتەوە؟

٣. ئایا سیستمی وەرگرتنی راستەوخۆ دەتوانێت پێداویستیەکانی بازاری کار پربکاتەوە؟

### ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجە سەرەکیەکانی توێژینەوەکە بریتین لە :

١. هەڵسەنگاندنی سیستمی وەرگرتنی راستەوخۆ لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان(کۆلێجی کارگێری و ئابوریی/ زانکۆی سلێمانی بەنموونە) وە بەدیارخستنی لایەنە باش و لاوازەکانی سیستمەکە .

٢. یارمەتیدانی لایەنی پەیوەندیدار لە کەمکردنەوەی خاڵە لاوازەکانی سیستمەکە، لە ڕێگەی خستنەڕووی پێشنیارەکانەوە .

### شێواز و میتۆدی توێژینەوەکە:

بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە ، میتۆدی شیکاری وەسفی بەکارهێنراوە ، بە پشت بەستن بە تێستکردنی پرسیارەکانی ئەزموونی خوێندکاران وە ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسانی شارەزا و پسپۆر و بەرپرسە کارگێریە پەیوەندیدارەکان.

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**کۆمەڵگە و سنوری کارکردنی توێژینەوەکە:**

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتی یە لە(١٦٨٥خوێندکار)ی کۆلێجی کارگێری و ئابوری- زانکۆی سلێمانی ، و سەمپڵی توێژینەوەکە بریتیە لە خوێندکارانی وەرگیراو لە قۆناغی یەکەمی سەرجەم بەشەکان (٢٤٤ خوێندکار لە کۆی ٤٤٣ خوێندکار = ٥٥%) وە خوێندکارانی قۆناغی (دووهەم ، سێهەم ، و چوارەم)ی سەرجەم بەشەکان(٢٠٠ خوێندکار لە کۆی ١٢٤٢ خوێندکار = ١٦%). سە بارە ت بە کە سانی شارە زا و یە کە کارگیریە کان کە ژمارە یان (٨ کە س )بووە . سەمپڵی توێژینەوەکە پشتی بەستوە بە میتۆدی تێکەڵاو (فۆرمی راپرسی، چاوپێکەوتن، نموونەی پرسیاری تاقیکردنەوەکانی وەرگرتنی راستەوخۆ، داتا و زانیاریە بڵاوکراوە فەرمیەکان) کە بە شێوازی رێکخراوی هەڕەمەکی (العینة العشوائیة المنتظمة)وەرگیراوە.

**چوارچێوەو پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە ، ئەم توێژینەوەیە دابەشکراوە بۆ چوار باسی سەرەکی. یەکەمیان، تایبەتە بە سیستمی فێرکردن و گەشەی ئابوری، و باسی دووەم، پەیوەستە بە خستنەڕووی ئامانج و ئەرکەکانی سیستمی خوێندنی باڵا. باسی سێهەم تەرخانکراوە بۆ باسکردن لە سیستمی وەرگرتنی خوێندکاران لە زانکۆکانی عێراق و هەرێمی کوردستان ، باسی چوارەم، پەیوەستکراوە بە شیکردنەوە وهەڵسەنگاندنی لایەنە جیاوازەکانی سیستمی وەرگرتنی راستەوخۆ لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان .

## باسی یەکەم
## سیستمی فێرکردن و گەشەی ئابوری

کۆتایەکانی سەدەی بیست و سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەک گرنگی و بایەخدان بە خوێندن و فێرکردن زیادیکرد. هەربۆیە دامەزراوە زانستی و ئەکادیمی و فێرکاریەکان لە روانگەی بەدەستهێنانی زۆرترین قازانج و کەڵك بە کەمترین تێچوون هەوڵیان دا گۆرانکاری لە سیستمی خوێندن و پرۆگرامەکانی خوێندن و سیستمی وەرگرتنی خوێندکاران بە پێویست بزانن و هەنگاوی کرداریی بۆ بنێن (البرزنجی و علوان، ٢٠٠٤: ص ١٥٧) .

لەراستیدا جیهانگیری هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی جۆرەها تەکنیکی جیا جیایە کە سیستمی ژیان بەگشتی و سیستمی خوێندن و فێرکردنی بەتایبەت ئاسانتر کردوە. بە تایبەت لە بوارە وردەکانی سیستمی خوێندن و فێرکردن ، وەهەر جیهانگیری وایکردوە کە ژینگەیەکی لەبار و گونجاو برەخسێت بۆ خوێندن و فێرکردن وە هاوکات هۆکارێك بێت بۆ بەدیهێنانی حەز و ئارەزووی خوێندکاران (العمری و اخرون، ٢٠١٦: ص ص ٣٨-٤٠).

**یەکەم : خوێندن و فێرکردن وەکو بنەمای گەشەپێدانی مرۆیی :**

گەشەپێدانی مرۆیی یەکێکە لە ئامانجە بنەڕەتیەکانی سەرجەم وولاتانی جیهان (پێشکەوتوو و دواکەوتوو) کە بەردەوام هەوڵی بەدیهێنانی دەدەن ، وە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان فێرکردن (التعلیم) و گەشەپێدانی مرۆیی (التنمیة البشریة) گرنگی و بایەخی زۆری هەیە، بەوپێیەی ئەم دوو چەمکە پەیوەندیەکی ئاڵوگۆر و راستەوانەی زۆر بەهێزیان هەیە بە قەبارەی داهات و زیادبوونی لەسەر هەردوو


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.3

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

ئاستی تاك و نەتەوە . هاوكات زیادكردنی داهات و گەشەی ئابوری و كۆمەڵایەتی نایەتەدی ، بە بێ بوونی سیستمێكی خوێندن و فێركردنی باش ، چونكە فێركردن و سیستمی خوێندن سەرچاوەی باشكردن و زیادكردنی توانای بەرهەم هێنان و ئاستی بەرهەمداری مرۆڤن لەرووی چەندێتی و چۆنێتی یەوە (محمود و محمود، ٢٠١٦ : ص ص ٢٥١ - ٢٥٣).

پرۆسەی گەشەپێدان و پەرەپیدان پشت بەستوە بە دوو بنەما و فاكتەریی سەرەكی (بنەمای مرۆیی و بنەمای ماددی)، كە هەردوو فاكتەر و بنەماكە پەیوەستن و تەواوكەری یەكترن . پەرەپێدانی ئابوری پێویستی بە شارەزایی و لێهاتووی هەیە بۆ برەودان و بەكارهێنانی ئابوریانەی دەرامەتە سروشتی و مادییەكان، هەربۆیە فێركردن و خوێندن رۆڵی گەورە و گرنگیان هەیە لە گەشەپێدانی سەرمایەی مرۆیی و پەرەپێدانی ئابوری. هەر بە نموونە لە وولاتی نەرویج توێژینەوەیەك ئەنجامدراوە لە لایەن (أكروست) ، وە لە ئەنجامی توێژینەوەكە دەركەوتووە كە سەرمایەی مرۆیی بەگشتی و دەستی كاری شارەزا بەتایبەت بنەما و جوڵینەری گەشەی ئابوری خێرا و بەردەوامە (الحمدان، ٢٠٠٢: ص ص ٢٥-٢٦).

هەربۆیە سیستمی خوێندن و فێركردن بنەمایەكی سەرەكی ئابوری وولاتانی پێشكەوتوە ، بەهۆی ئەو ڕۆڵە گرنگەی كە سیستمی فێركردن دەیبینێت لە بەرەوپێشبردنی گەشەپێدانی مرۆیی و بەرزكردنەوەی ئاستی گەشەی ئابوری و زیادكردنی ئاستی كێبركێی ئابوری(محمد و الطائی ، ٢٠١٥ : ص ١١).

**دووەم: خوێندن و فێركردن لە ڕوانگەی تیۆرە ئابوریەكانەوە:**

خوێندن و فێركردن یارمەتیدەری سەرەكی تاكەكانی كۆمەڵگەیە لە دابینكردن و بەڕێوەبردنی كارەكانی ژیان و ئامادەسازی بۆ ژیانی پراكتیكی ، وە زانست و زانیاری، خوێندن و فێركردن بنەمای سەرەكین لە بەدیهێنانی شارەزایی و زیادكردنی لێهاتووی . ئەم پرۆسەیە (خوێندن و فێركردن) كاریگەری زۆریان هەیە لەسەر پرۆسەی گەشەپێدان ، هەربۆیە ئابووریناسە كۆن و نوێیەكان (خوێندن و فێركردن) بەسەرمایەی مرۆیی ناوی دەبەن وە بە بەشێك لەسامانی نەتەوەیی ئەژماری دەكەن، چونكە بەرزكردنەوەی ئاستی فێركردن هۆكارە بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی بەرهەم و بەهەمداری لە كۆمەڵگە (النعیمی ، ٢٠٠٨ : ص ٢٠١٨). هاوكات بەشێك لە توێژینەوەكان گەیشتونەتە ئەو دەرئەنجامەی، كە زیادكردنی هەرساڵێكی خوێندن دەبێتە هۆی زیادكردنی تێكڕای داهاتی تاكەكەس بە رێژەی ١٠% (ماهر،٢٠١٧: ص ٣٤١).

فێركردن یەكێكە لە هۆكار و بنەما سەرەكیەكانی گەشەی ئابوری، ئەویش لە رێگەی زیادكردنی شارەزایی و لیهاتوی دەستی كار لە پرۆسەی بەرهەمهێنانەوە، وە زیادكردن و كەڵەكەكردنی زانست و زانیاری بۆ بەرەنگاربوونەوەی گرفتەكانی پرۆسەی بەرهەمهێنان، ئەمە جگە لەوەی یارمەتیدەرێكی باش دەبێت لە دۆزینەوەی هەلی كار و زیادكردنی توانای بەرهەمداری (الرشدان،٢٠٠٨ ، ص ص ٣٩-٤٠ ).

سیستمی خوێندن و فێركردن لەهەر كۆمەڵگەیەك رەنگدانەوەی ژیانی ئابوری و كۆمەڵایەتی ئەو كۆمەڵگەیەیە، وە سیستمی خوێندن و فێركردن وادەكات تاكەكانی كۆمەڵگە بتوانن لەگەڵ گۆرانكاریەكانی سەردەم بگونجێن، هاوكات سیستمی فێركردن بەشدار دەبێت لە ئامادەكردنی دەستی كاری كارا و لێهاتوو بۆ دابینكردنی پێداویستیەكانی سەردەم. هاوكات رامیاری فێركردن رۆڵی گەورەی

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

هەیە لە دابینکردنی پیداویستیەکانی گەشەی ئابوری ، هەربۆیە وولاتانی پێشکەوتوو بایەخی زۆریان داوە و دەدەن بە پێشخستنی سیستمی فێرکردن (خورشید ، ٢٠٠٨ : ص ص ٢٥-٢٩) .

ئەزموونی زۆرێك لە وولاتانی پێشکەوتوی جیهان ئەوەی پشت راستکردوەتەوە کە پەروەردە و فێرکردن یەکێکە لە فاکتەرە هەرەسەرەکیەکانی گەشەی ئابوری، وە هۆکاری بایەخدانی ئابوریناسەکان بە پەروەردە و فێرکردن، دەگەرێتەوە بۆ ئەم خالانەی خوارەوە :(الحبیب،١٩٨١ : ص ص ١١٨-١٢٢)

١. هۆکارێکە بۆ گەشەپێدانی مرۆیی و برەودان بە توانا مرۆیەکان .

٢. هۆکارێکە بۆ بەدیهێنانی گەشەپێدان و پەرەپێدانی ئابوری .

سەر باری جیاوازی ئاست و بیرۆکەکان ، سەرجەم ئابووریناسەکان باس لە گرنگی و بایەخی سەرمایەی مرۆیی دەکەن کە کاریگەری راستەوخۆ و ئە رێنی هەیە لەسەر پرۆسەی گەشەی ئابوری ، سەرمایەی مرۆیی ڕۆڵی گەورەی هەیە لە جولاندنی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان (زەوی ، کار ، سەرمایە ، رێکخستن)، چونکە کار و ڕێکخستن هەردووکیان بەشێکن لە سەرمایەی مرۆیی، وە هەرچی زەوی و سەرمایەیە، گرنگی و رۆڵەکانیان پەیوەستە بە رادەی لێهاتوویی و کارامەیی سەرمایەیی مرۆیی یەوە، وە لە بنەما سەرەکیەکانی سەرمایەی مرۆیی فێرکردن پشکی گەورەی بەردەکەوێت ، هاوکات تیۆرەکانی بواری گەشەی ئابوری باس لە پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا دەکەن کە دەبێتە هۆکاری گەشەی ئابوری درێژ خایەن، وە پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا بەندە بە ئاستی خوێندن و فێربوونی هێزی کار (ماهر ،٢٠١٧: ص ٣٣٣). هەروەها (ئادەم سیمس و ئەلفرید مارشاڵ) باس لە گرنگی فێرکردن دەکەن وە بەفاکتەرێکی زۆرکاریگەری دادەنێن لە بەدیهێنانی سەقامگیری ئابوری و کۆمەڵایەتی(ماهر ،٢٠١٧: ص ٣٣٩).

هاوکات تیۆرە نوێیەکانی بواری پەرەسەندنی ئابوری و گەشەپێدانی مرۆیی (رومر لوکاس و بارو و ئەوانی تر) جەخت دەخەنە سەر بەدیارخستنی رۆڵی خوێندن و فێرکردن لە زیادبوونی ئاستی بەرهەمداری و رەخساندنی هەلی کار، هەربۆیە خەرجکردنی پارە لە بەرەو پێشبردن و پەرەپێدانی سیستمی خوێندن و فێرکردن هۆکارن بۆ خێراکردنی گەشەی ئابوری (صالح، ٢٠١٤ : ص ص ٣-٤) .

تەوەری سەرەکی زانستی ئابوری بۆ سیستمی فێرکردن بریتیە لە داهاتی سێکتەری خوێندن و فێرکردن بە بەراورد بە تێچووەکانی (الحبیب،١٩٨١ : ص ١٥٣). هاوکات بایەخدان بە زاراوەی ئابوری فێرکردن دەگەڕێتەوە بۆ شەستەکانی سەدەی بیستەم، وە تاکو ئێستاش ئەو بایەخدانە بە بەردەوامە وروو لە زیادکردن و هەڵکشانە، هەربۆیە ئابوریناسەکان بایەخی زۆر دەدەن بە پەیوەندی نێوان خەرجکردن و وەبەرهێنان لە بواری فێرکردن وە بەدیهێنانی گەشەی ئابوری ، وە سەلمێنراوە بە ئەزمونی وولاتانی پێشکەوتوو کە فێرکردن کاریگەری گەورەی هەیە لە بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی تاك و پێشخستنی کۆمەڵگە (الرشدان،٢٠٠٨، ص ٤٧٩ ).

**سێهەم : پرۆسەی خوێندن و فێرکردن لە روانگەی توانا و ئارەزووی خوێندکارەوە:**

بە ڕەچاوکردنی ئەو ڕاستیەی کە خوێندکار بنەمای سەرەکی پرۆسەی خوێندن و فێرکردنە هەریەکە لە (Bosman و Osaily) جەختیان کردۆتە سەر گۆرینی رۆڵی خوێندکار کە بتوانێت کارلێك بکات لەگەڵ سیستمی خوێندن و فێرکردن و کاریگەری هەبێت لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی زانست و پێشکەشکردنی چالاکی و رەنگدانەوەی زانست لە کار و چالاکی رۆژانە (صالح و اخرون ، ٢٠١٦ : ص ٢٩٩). ئەم ئامانجانە


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.3

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

نایەنە دی بەبێ ڕەچاوکردنی حەز و ئارەزووی خوێندکار " لە سنورێکی ئەکادیمی گونجاو" لە هەڵبژاردن و وەرگرتنی لەو بەش و پسپۆریەی کە دەیەوێت .


لە قۆناغە جیاکانی خوێندن، خوێندکار زیاتر توشی بێ ئومێد دەبێت کە هەر لەسەرەتای خوێندنی باڵاوە بوار و پسپۆریەکی بەسەردا دەسەپێنرێت و ناوی لە بەش و کۆلێجێك دێتەوە کە حەزوو ئارەزووی لەگەڵدا ناگونجێت، ئەمە یارمەتیدەر نابێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سەرەکیەکانی خوێندن و فێرکردن کە گەشەپێدانی ئابوریە (نووری ،٢٠١٥ : ص ١٤٦) .

کردار و پرۆسەی دابەشکردن و پۆلێنکردنی خوێندکار جیاوازە بە پێی ئارەزووی هەڵبژاردنی "جۆری خوێندن، بەش و کۆلێج ، بوار و پسپۆری"، بێگومان ئەو هەڵبژاردنانە پەیوەستە بە کۆمەڵە فاکتەر و هۆکارێکی جیاواز، لە گرنگترینیان هۆکاری ئابوری (تێچوونی ئێستا و داهاتی ئاینده)، پاڵنەری خێزان و کەس و کار و هاورێ ، نمرە ، مەرجەکانی سیستمی وەرگرتن (نامق ، ٢٠١٤ : ص ٣٧٨).

## چوارەم : هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی پرۆسەی خوێندن و فێرکردن لە دابینکردنی پێداویستیەکانی بازاری کار:

دەرچووانی سیستمی فێرکردن بەگشتی و فێرکردنی زانکۆیی بە تایبەت "بە شێواز و قۆناغە جیاکانەوە" ، لە بنەمای سەرەکی هێزی کار و بەرهەمهێنانە، کاریگەری تەواو ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر گەشەپێدانی مرۆیی و پەرەپێدانی ئابوری . کەرتی فێرکردن ژمارەیەکی زۆر هێزی مرۆیی لە خۆدەگرێت کە خاوەنی لێهاتووی و کارامەیین، وە سەرچاوەی پێگەیاندنی پسپۆرین لە بواری بەرهەمداری و خزمەتگوزاری، وە هاوکات کەرتی فێرکردن بنەمای دروستکردنی هێزی کاری تازە یە کە بەشدار دەبێت لە بەرزکردنەوەی داهاتی تاکەکەس و داهاتی نەتەوەیی(ابراهيم و الكبيسي ، ٢٠١١ : ص ص ٢٩٧ -٢٩٨).

لێهاتوویی و توانای سیستمی خوێندن و فێرکردن مانای زۆر دەگەیەنێت، بەڵام بە پێی ڕێکخراوی (یونسکۆ) بریتیە لە ئەدایەکی باش وە دەرئەنجامێکی باشی سیستمی فێرکردن بەبێ بەفیرۆدانی (کات ، دەرامەت و توانا مرۆیەکان)، یاخود بەدیهێنانی ئامانجەکانی سیستمی فێرکردن بە چەندێتی و چۆنێتی وە بە کەمترین کات و تێچوون[1] (محمد و الطائي ، ٢٠١٥ : ص ١٣) . ڕادەی گونجاوی و پەیوەستی دەرچووەکان و پێداویستی بازاری ناوخۆ لە دەستی کار، یەکێکە لە پێوەرە گرنگەکانی هەڵسەنگاندیی سیستمی فێرکردن و ئاستی پێشکەوتنی سیستمەکە، هەربۆیە پێویست دەکات سیستمی خوێندن و فێرکردن گۆرانکاری تیدابکرێت بەشێوەیەك کە بەشداربێت لە چاککردنی ئاستی دەرچووەکان(محمد و الطائي ، ٢٠١٥ : ص ١٢). ئەم




[1] چەندێتی بریتیە لە ژمارەی دەرچووەکان لە کۆی گشتی خوێندکاران، بەڵام چۆنێتی بریتیە لە تواناو لێهاتووی و ئەدای دەرچووەکان بە پێی سیستمی فێرکردن وە بە پێی پێداویستیەکانی بازاری کار .

هێڵکاریەی خوارەوە پەیوەندی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی خوێندن و فێرکردن لەگەڵ بازاڕی کار دەخاتەڕوو:

سەرچاوە: لە ئامادەکردنی توێژەران.

سەرەرای گرنگی زۆری خوێندن و فێرکردن و بایەخدانی بەردەوام بۆ بەدیارخستنی رۆڵی خوێندن و فێرکردن لە گەشەپێدان و پەرەپێدانی ئابوری ، بەڵام بەگشتی تێچوونی خوێندن و فێرکردن زۆر زیاترە لە داهات و دەسهاتەکەی، ئەویش بەهۆی زۆری رێژەی بێکاری لە نێو دەرچووانی زانکۆکان وە هاوکات کۆچکردنی خاوەن بروانامەکان بۆ دەرەوەی وولات (ابراهیم و الكبيسي ، ٢٠١١ : ص ٣٠٤).

لە دیارترین هۆکارەکانی بێکاری هەڵگرانی بروانامە و دەرچووانی زانکۆکان لە بازاری کار بریتیە لە کەمی توانا و لێهاتووی، کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵە هۆکارێك بەتایبەت، نەبوونی حەز و خولیایی تەواوەتی خوێندکار لە هەڵبژاردنی بەش و پسپۆری لە زانکۆکان ، هاوکات پەیرەوکردنی نمرە و تاقیکردنەوە وەکو پێوەری سەرەکی وەرگرتن و دەرچوونی خوێندکار .

## باسی دووەم

## سیستمی خوێندنی باڵا : گرنگی و ئامانج

بە گشتی وڵاتان (پێشکەوتوو- دواکەوتوو) هوڵی بە دیهێنانی ئامانجەکانیان دەدەن لە رێگەی بنیاتنانی سیستەمێکی خوێندن و فێرکردنی پێشکەوتوو، کە جولێنەری پێگەی زانستی و ئاستی پێشکەوتنی وولات دادەنرێت.سەرەرای جیاوازی ئاستی گرنگی پێدان و جیاوازی ئامانجەکانی سیستمی خوێندن بریتیە لە دابینکردنی دەستی کاری کارامە و شارەزا بۆ بازاری کاری ئێستاو داهاتوو.

**یەکەم : سیستمی خوێندنی باڵا و گرنگیەکەی:**

خوێندنی باڵا لە گرنگترین پایەکانی پێشخستنی کۆمەڵگە و میکانیزمی گەشەپێدانی مرۆیی یە، لەرێگەی ئامادەکردن و پێگەیاندنی دەستی کاری پیشەیی و زانستی بەمەبەستی بەدیهێنانی گەشەی ئابوری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ، بەرزی کوالێتی دەرچووەکانی سیستمی خوێندنی باڵا بە شێکە لەداواکاری کۆمەڵگە وە هۆکارێکە بۆ گەشەکردن و خزمەتکردنی بەردەوامی کۆمەڵگە، هاوکات خوێندنی باڵا تەواوکەری قۆناغەکانی خوێندنە(بە تایبەت قۆناغی ئامادەیی)، و سەرەتایەکە بۆ ژیانی پراکتیکی و کاری پیشەیی (الظالمي و اخرون ، ٢٠١٢ : ص ١٤٧).

کەرتی فێرکردن و خوێندنی باڵا گرنگی و بایەخی زۆری هەیە لە زۆرێك لە وولاتانی جیهان لە هەموو ئاستەکان، بەتایبەت لە پێشختنی کۆمەڵگە بۆ وەڵامدانەوەی پێداویستیە نوێ و سەردەمیەکانی کۆمەڵگە(الصرايره و العساف، ٢٠٠٨: ص ٣)، وە ئەم کەرتە بە یەکێک لە بنەما سەرەکیەکانی پێکهینان و پێشکەوتنی کۆمەڵگە دادەنرێت، چونکە گرنگی فێرکردن بۆ هەموو یان زۆرینەی کۆمەڵگەیە(الطائي و العبادي، ٢٠٠٧ : ص ١١٣).

لەبەر ئەوەی خوێندکار یەکێکە لە فاکتەرە هەرە گرنگەکان لە پرۆسەی خوێندنی باڵا، بۆ ئەوەی زامنی بەرزی کوالێتی سیستمی خوێندنی باڵا بکرێت، پێویستە پەیوەندی نێوان خوێندکار و دامەزراوەکانی کۆمەڵگە بەهێز بکرێت بەر لەوەی خوێندکار دەربچێت و بچێتە بازاڕی کار(الظالمي و اخرون ، ٢٠١٢ : ص



DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.3

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

١٥٥). لەو نێوەندەدا زانكۆكان ڕۆڵی گەورەیان هەیە لە سێکتەری فێرکردن و پەرەپێدانی ئابوری، چونكە دەبێتە بنەما و سەرچاوەیەی زیادكردنی داهێنان ، داهێنانش كلیلی گەشەپێدان وپەرپێدانی ئابوری یە (شعبان خليفة، ٢٠٠٧ : ص ١٩١).

بابەتی بە بازاركردنی خزمەتگوزاری فێركردنی زانكۆیی بوارێكی زۆر دەگمەنە وە لە وولاتانی دواكە وتوو زۆر بەكەمی بایە خی پێدراوە. بنەمای ئەم بیرۆكەیە خۆی دەبینێتەوە لە تێكەڵكێشكردن و پێكەوەلكاندنی پێداویستیەكانی زانكۆ لە لایەك و پێداویستی و ئارەزووی خوێندكار لە لایەكی ترەوە، بۆ ئەوەی بتوانرێت ئامانجە سەرەكیەكانی زانكۆ بەدیبهێنرێت ، و ئارەزوو و توانا و لێهاتووی خوێندكاران و فێرخوازان بەهەند وەربگیرێت لە چوارچێوە و سنووری بنەما زانستیەكان ، وە نابێت بایەخدان بە حەز و ئارەزووی خوێندكار لەسەر حیسابی لایەنی زانستی و ئەكادیمی بێت یاخود بە زیانی سیستمی فێركردن بەگشتی و زانكۆكان بە تایبەت كۆتایی بێت (الطائي و العبادي، ٢٠٠٧ : ص ١١٣ ).

**دووەم: ئامانج و ئەركەكانی سیستمی خوێندنی باڵا:**

دامەزراوەكانی خوێندنی باڵا لە هەرە دامەزراوە زانستی و شارستانیەكانی كۆمەڵگەن، هەربۆیە زیادبوونی ئەو جۆرە دامەزراوانە زۆر گرنگن و پێویستیەكی هەمیشەیی كۆمەڵگەن، ئەویش بەهۆی ئەو ڕۆڵە گرنگەی كە دامەزراوەكانی خوێندنی باڵا هەیانە لە بەرهەمێنانی زانست و شارەزایی . هەروەها یە كێك لە پێوەرە نێودەوڵەتیەكانی هەڵسەنگاندن و دانانی ریزبەندی بەرز بۆ زانكۆ و دامەزراوەكانی خوێندنی باڵا بریتیە لە رادە و ئاستی پێشكەوتوی خوێندنی باڵا. هاوكات سیستمی خوێندنی باڵا كۆمەڵە ئەرك و ئامانجێكی سەرەكی هەیە كە لە رێگەی دامەزراوە جۆر بەجۆرەكانیانەوە هەوڵی بەدیهێنانیان دەدات، لە گرنگترینی ئەو ئامانجانەشی (ناصر،٢٠١٦ : ص ص ٦٤-٦٧):

١. هەوڵدان بۆ پیادەكردنی پەیوەندیەكی پەروەردەیی و زانستی لە نێوان خوێندكارەكان وە پێدانی ئازادی بە خۆیندكاران لە هەڵبژاردنەكانیان و بەشداربوونیان لە پلانی داهاتوو.

٢. بەهێزكردن و زیادكردنی توانا و لێهاتووی خوێندكاران، چونكە سەرمایەیەكی فكری گەورەن، وە ڕۆڵیان دەبێت لە بوارە جۆر بەجۆرەكاندا .

٣. دابینكردن و رەخساندنی خوێندنێكی كوالێتی بەرز بە شێوەیەك كە خوێندكار بتوانێت زانست و زانیاری و شارەزای پێویست پەیدابكات، بە شێوەیەك كە لە داهاتوودا پێداویستی بازاری كار و پێداویستی ژیان و گوزەران دابین بكات .

٤. پێدانی زانست و زانیاری بە خوێندكار لە سەرجەم ئاست و قۆناغە جیاكاندا ، بە شێوەیەك كە خوێندكار بتوانێت پێداویستی ئێستا و داهاتووی خۆی و گەلەكەی دابین بكات .

لەڕاستیدا بەشێكی زۆر لەم ئامانجانە پەیوەستن بە ئاستی بە دامەزراوەیی بوونی وولات و هەبوونی پلان و بەرنامەڕێژی تەواو بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە بە هاوكاری و هەمەهانگی نێوان وەزارەتی خوێندنی باڵا و وەزارەت و دەزگا پەیوەندیدارەكان .

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.3

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

## باسی سێهەم
## سیستمی وەرگرتنی خوێندکار لە زانکۆکانی عێراق و هەرێمی کوردستان

یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی سیستمی خوێندنی باڵا بریتیە لە شێوازی وەرگرتنی خوێندکاران، کە ئەم شێوازی وەرگرتنە جیاوازە لە سیستمێکەوە بۆ سیستمێکی کە وە لە یەك لە سیستمیش لە کاتێکە بۆ کاتێکی کە. هاوکات شێوازی سیستمی وەرگرتنی خوێندکار کاریگەری راستەوخۆی هەیە لەسەر سەرجەم کایەکانی تری خوێندنی باڵا.

### یەکەم :مێژووی سیستمی خوێندنی باڵا لە عێراق:

سیستمی خوێندنی باڵا لە عێراق دەگەرێتەوە بۆ ساڵی (١٩٠٨) کاتێك قوتابخانەی یاسا لە بەغدا دامەزرا وە دواترش کردنەوەی کۆلێژی عێراقی ئیسلامی لە بەغداد ساڵی ١٩١١، وە ساڵی ١٩٢٤ یەکەم زانکۆی عێراقی کرایەوە لە بەغداد بە ناوی زانکۆی (ال البیت) (ناصر ،٢٠١٦ :ص ص ٦٢-٦٣).

لەهەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا ، بەپێی ڕێکخراوی (یونسکۆ) سیستمی فێرکردن لە عێراق یەکێك بووە لە هەرە سیستمە باش و پێشکەوتووەکان، نەك تەنها لەسەر ئاستی هەرێمی و وولاتانی عەرەبی ، بەڵکو لەسەر ئاستی جیهان (محمود و محمود، ٢٠١٦ : ص ٢٧٣) ، و ئامانجی سەرەکی ئەو سیستمە لەو کاتەدا پێگەیاندنی دەستی کار وفەرمانبەر بووە بۆ دام و دەزگا حکومی و گشتی . ئەوەی شایەنی باسە ئەو سیستمی خوێندن و فێرکردنەی کەپیادە دەکرا لە کۆتایی هەفتاکان و سەرەتای هەشتاکاندا تارادەیەکی باش سەرکەوتنی بەدەست هێنابوو , جگە لەوە یەکێك بوو لە چوار سیستمە پێشکەوتوەکەی جیهانی ئەو کاتە (ئەمریکا و بەریتانیا و میسر و عێراق)، بەڵام لەکاتی ئێستا و لەهەزارەی سێهەمدا پیادەکرنی وەها سیستمێك نەك تەنها نابێتەهۆی پێشکەوتن، بەڵکو هۆکارێکە بۆ دواکەوتن چونکە لە ئێستادا سەردەمی جیهانگیریە کە بایەخدان بە کەرتی تایبەت و باڵادەستی سیستمی ئابوری بازاڕ، هۆکارن لە دروست کردنی گۆرانکاری زۆر لە کاروپیشەکان. هەر بۆیە گەشەی ئابوری و بازار، پێویستی بە ئەنجامدانی گۆڕانکاریە لە سەرجەم بوارەکان بەتایبەتی گۆڕانکاری لە سیستمی فێرکردن کەبەشێوەیەك ئاراستە بکرێت جگە لەدابین کردنی فەرمانبەر بۆ کەرتی گشتی، هەروەها دەستی کار بۆ کەرتی تایبەت ئامادەبکات وە ڕەچاوی گۆڕانکاریە خێراکانی جیهانیش بکات و لەهەمان کاتدا پێداویستسەکانی بازاڕی کاریش پشت گوێ نەخات.

هاوکات ئەم سیستمی فێرکردن و خوێندنە لە کۆتایی ساڵانی هەشتاکانەوە تاکو ئێستا (٢٠١٨)، لە گەڕانەوەدایە بۆ دواوە، کە بەشێکی بەهۆی ئەو جەنگە دەرەکیە یەك لەدوای یەکانەوەیە[٢] ، هەروەها ناسەقامگیری ڕامیاری و ئەمنی بەهۆی جەنگی ناوخۆیی و مە زهە بی ، وە قەیرانی ئابوری و دارایی بەهۆی ناسەقامگیری بەردەوام لە نرخی نەوت و بازاری نەوت ، هاوکات تەرخان نەکردنی بوودجەی

---

[٢] عێراق تاکە وولاتە لە ماوەی ٣٨ ساڵی ڕابردوودا چوار جەنگی گەورە بەخۆوە ببینێت ،جەنگی عێراق - ئێران (١٩٨٠ – ١٩٨٨)، جەگی کەنداو (١٩٩٠-١٩٩١) ، جەنگی ڕزگارکردنی عێراق ساڵی ٢٠٠٣ ، جەنگی دژی داعش (٢٠١٤-٢٠١٧).


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.3

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
ص: ٧٢-١٠١
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

پێویست بۆ سیستمی فێرکردن و نوێنەکردنەوەی سیستم و پرۆگرامەکانی خوێندن بەپێی پێداویستیەکانی بازاڕی کار ، هەربۆیە پێوەرەکانی خوێندن و فێرکردن لە عێراقدا لەماوەی چوار دەیەی رابردوودا لە ئاستێکی زۆر لاوازدا بووە ئەگەر بەراوورد بکرێت بە وولاتانی جیهان بەگشتی و وولاتانی دراوسێ بە تایبەت.

لە ئێستادا سیستمی خوێندن و فێرکردن باڵا لە عێراق لە ژینگەیەکی زۆر نالەبار و نەگونجاو دایە وە تووشی کۆمەڵە گرفت و قەیرانێك بۆتەوە، کە لەدیارترینی گرفتەکان لاوازی پەیوەندی و پەیوەستی لە نێوان سیستمی فێرکردنی باڵا و بازاری کار لە لایەك وە لاوازی پەیوەندی لە نێوان پلانی فێرکردنی و پلانی ئابوری ، سیستم و پرۆگرامەکانی خوێندن نەیان توانیوە پێداویستیەکانی کەرتی تایبەت و گەشەی ئابوری دابین بکەن، هەربۆیە رێژەی بێکاری لە نێو دەرچووانی زانکۆ لە هەڵکشانی بەردەوام دایە، پێشبینی دەکرێت لە داهاتوودا بەرەو خراپتر بروات، ئەگەر چاکسازی بنەرەتی نەکرێت لە سیستم و فێرکردنی باڵا و ئاستی کوالێتی بەرزنەکرێتەوە(البياتي و ابراهيم ، ٢٠٠٧ : ص ص ١-٤) . هاوکات سیستمی خوێندن و فێرکردنیش لە هەرێمی کوردستان, تارادەیەك سیستمێکی دواکەوتووە لەبەرئەوەی بەشێکە لە دەوڵەتی فیدڕاڵی عێراق و سیستەمی خوێندنیشی درێژکراوە و تاڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە سیستمی خوێندن لە عێراق.

## دووەم: تایبەتمەندییەکانی سیستمی خوێندنی باڵا لە عێراق و هەرێمی کوردستان :

سیستمی خوێندن و فێرکردن لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا خاوەنی کۆمەڵە تایبەتمەندیەکە کە جیاوازە لەهەموو سیستمەکانی تری جیهان ( وولاتانی پێشکەوتوو، وولاتانی تازە گەشەکردوو). وە لە گرنگترین تایبەتمەندیەکانی سیستمی خوێندن و فێرکردن لە عێراق و هەرێمی کوردستان ( احمد ، ٢٠١٠ : ص ص ٥-٨) و (ناصر ،٢٠١٦ :ص ص ٧٧-٧٨):

١. نەبونی ئامانجی روون و ئاشکرا : دیاری نەکردن یاخود نەبونی ئامانجی سیستمی خوێندن و فێرکردن بەشێوەیەکی روون و پەیوەست نەکردنی بەپێشکەوتن و گەشەی وولات ، ئەگەر سیستمی فێرکردن ئامانجی روون و ئاشکرای هەبێت چۆن دەرچووەکانی خوێندنی باڵا بێکار دەبن، وە چۆن و بۆچی پارەیان تیادا خەرج دەکرێت بۆ تەواوکردنی خوێندنێکی ماوە درێژی (زیاد لە ١٦ ساڵ) ، بە بێ دانانی پلان و بەرنامەرێژی بۆ دۆزینەوە و رەخساندنی هەلی کار بۆیان.

٢. دواکەوتوویی پرۆگرامەکانی خوێندن: دواکەوتوویی پرۆگرامەکانی قۆناغەکانی خوێندن بە گشتی و قۆناغەکانی خوێندنی باڵا بەتایبەت، بەهۆی لاوازی پەیوەندی نێوان پرۆگرامی قۆناغەکانی ئامادەیی و قۆناغەکانی خوێندنی باڵا. هەروەها نەبوون یان کەمی وانەی پراکتیکی لەلایەك و نەبوونی ناوەندی راهێنان و مەشق پێکردنی خوێندکاران لەلایەکی ترەوە. لەناوەندەکانی خوێندنی باڵا ( زانکۆکان بە تایبەت)، زۆربەی وانەکان وانەی تیۆرین نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو زۆرێك لەپرۆگرامەکانی خوێندن لێکۆڵینەوەن لە کێشەو گۆڕانکاریە دەرەکییەکان، کە دەمێکە لە وولاتانی پێشکەوتوو کۆتاییان پێهاتووە , هاوکات زۆر بە کەمی پرۆگرامی خوێندنی باڵا لە عێراق و هەرێمی کوردستان هەڵقوڵاوی گرفت و کێشەکانی کۆمەڵگەی ناوخۆیین، هەربۆیە زۆر بە دەگمەن سیستمی خوێندن و فێرکردن لە عێراق و هەرێمی کوردستان چارەسەری کێشەکان دەکەن وە ناتوانن هەنگاوەکانی بەرەو پێشچوون خێرا بکەن . نەك هەرئەوەندە بەڵکو لەڕووی چاودێری کردن و بەدواداچون لاوازیەکی تەواو بەدی دەکرێت لە سیستمی خوێندن و فێرکردنی عێراق و هەرێمی کوردستان.

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

٣. لاوازى پێگەیاندنى دەستى كارى پێویست: یەكێكى تر لە تایبەتمەندیەكانى سیستمى خوێندن و فێركردنى عێراق و هەرێمى كوردستان، سیستمى فێركردن نەیتوانیوە و ناتوانێ دەستى كارى لێهاتوو بەشێوەى پێویست دابین بكات بۆكەرتى تایبەت، وە تەنانەت پێگەیاندنى فەرمانبەر بۆ كەرتى گشتى و دام و دەزگا حكومیەكانش لە ئاستێكى لاوازدان. سیستەمى فێركردن لە عێراق و هەرێمى كوردستان نەیتوانیوە تەنانەت لەئاستێكى نزمیشدا پەیوەندیەك دروست بكات لەنێوان ئەوەى كەخوێندكار فێرى دەبێت وە ئەوەى لەواقعى كرداریدا كارى پێدەكرێت یاخود بەشێوەیەكى فراوانتر ئەوەى كەفێرى دەبێت شتێكە و ئەوەى بازاڕى كار پێویستێتى شتێكى ترە . بۆیە ئەمەش دەبێتەهۆى ئەوەى زۆرێك لەدەرچووەكان كار دەكەن لەبوارێك كەمتر لەتواناى خۆیان یاخود كاردەكەن لەبوارێك زیاتر لەتواناى خۆیان كە لە هەردوو حاڵەتەكەدا جۆرێك لە بەفیرۆدان و بەهەدەر چوونى سەرمایە مرۆیى و سەرمایەى مادى هەیە . هاوكات ئەگەر رەچاوى خولیا و لێهاتووى خوێندكار نەكرێت ئەوا ئەگەرى بەردەوامى خوێندكار لە خوێندن زۆر كەم دەبێت ، وە ئەگەر بەردەوامیش بێت لە خوێندن وفێركردن ئەو زانست و زانیارى و شارەزاییە نابێت كە پێویستى پێیەتى ، هەربۆیە لە داهاتوودا، دواى تەواوكردنى خوێندنى زانكۆیى لەو بوارە كار ناكات كە پسپۆرى تێدا هەیە، چونكە ئارەزووى خۆى لەگەڵ نەبووە لەكاتى وەرگرتنى لە زانكۆ ، وە ئەگەر ئەمانەش نەیەنە دى ئەوا رەنگە بیەوێت كاربكات و بەدوایدا بگەڕێت بەڵام كارى دەست نەكەوێت .

٤. لاوازى پلانى وەرگرتنى خوێندكار: پلانى وەرگرتنى ساڵانەى خوێندكار زیاتر پەیوەستە بە رەچاوكردن و بەهەند وەرگرتنى تواناى وەرگرتنى زانكۆكان، بە بێ رەچاوكردنى پێداویستیەكانى بازارى كار، لە عێراق و هەرێمى كوردستان بەردەوام سیاسەتى ژمارە و رووكەش زاڵە بەسەر سیاسەتى كوالێتى و جۆریى ، واتا ئەوەندەى بایەخ دەدرێت بە وەرگرتنى زۆرترین ژمارەى خوێندكار نیو هێندە بایەخ نادرێت بە كوالێتى خوێندكار ، ئەویش بە بیانووى رەخساندنى دەرفەتى خوێندن بۆ هەموو یان زۆرینەى زۆرى دەرچووانى ئامادەییەكان. لە هەرێمى كوردستان لە رابردوودا پلانێكى تۆكمە و دراسە بۆكراو نەبووە لە بوارى وەرگرتنى خوێندكاران لە زانكۆكان وە هاوكات نەتوانراوە وەكو پێویست خوێندكار ئامادەبكرێت بۆ بازارى كار لە دواى تەواوكردنى ساڵانى خوێندنى زانكۆیى. هەر بۆیە وەرگرتنى خوێندكاران لەسەر بنەمایەكى زانستى دراسەبۆكراو نەبووە و شێواز و پرۆگرامەكانى خوێندنش نەبۆتە هۆكار بۆ ئەوەى دەرچووەكان پێداویستیەكانى بازارى كار بە شێوەیەكى كارا و ئابوریانە پربكەنەوە، هەر ئەوەش بۆتە هۆى هەڵكشانى بەردەوامى رێژەى بێكارى لەنێو دەرچووانى زانكۆكان، و چاوەرێكردنى دەرچوانى زانكۆكان بۆ ماوەیەكى زۆر و دەسنەكەوتنى هەلى كار (محمد، ٢٠٠٤: ص ص ٤٤-٤٥).

٥. لاوازى و دواكەوتویى سیستمى وەرگرتنى خوێندكار: لاوازى و دواكەوتویى سیستمى وەرگرتن بە گشتى و خوێندنى باڵا بەتایبەت، وەرگرتنى خوێندكار بەپێى حەز و خولیایى خوێندكار نیە. وەرگرتنى خوێندكار بەبەردەوامى پشت بەستوە بە نمرەكانى تاقیكردنەوەى وزارى (پۆلى ١٢ ) یاخود نمرەكانى ساڵانى پێشووى قۆناغەكانى ئامادەیى ، لە راستیدا ئەو نمرەیەى بەدەستهاتوە لە پۆلى (١٢ ئامادەیى) لە زۆربەى كاتدا رەنگدانەوەى تواناى راستەقینەى خوێندكار نیە، هەربۆیە رەنگدانەوەى راستەقینەشى نابێت بۆ قۆناغەكانى دواترى خوێندنى باڵا. هەربۆیە دواى تێپەربوونى نزیكەى (٥٠) ساڵ بەسەر سیاسەتى وەرگرتنى ناوەندى (القبول المركزي) لە عێراق كە هاوكاتە لە گەڵ دامەزراندنى وەزارەتى خوێندنى باڵا و توێژینەوەى زانستى عێراق كە ساڵى ١٩٧٠ دامەزراوە ، سە رە راى ئە وە ى لە سە رە تادا سیستمێكى


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.3

پێشکەوتووەکان بووە، بەڵام بە گشتی ئەو سیستمە نەیتوانیوە پەیوەستیەك و پەیوەندیەکی زۆر پتەو دروست بکات لە نێوان سیستمی وەرگرتنی خوێندکار لە زانکۆکان و پێداویستیەکانی بازاری کار .

یەکێك لە گرفتەکانی سیستمی خوێندنی باڵا بە گشتی و زانکۆکان بەتایبەتی بریتیە لە زیادبوونی ژمارەی دەرنەچوونی خوێندکار، وەبە پێی هەندێك توێژینەوە هۆکاری سەرەکی ئەم دیاردەیە بریتی یە لە سیستمی وەرگرتنی خوێندکار کە تەنها پشت بە نمرە دەبەستێت ، بێ ئەوەی حەز و ئارەزووی خوێندکار بەهەند وەربگرێت(البياتي و ابراهيم ، ٢٠٠٧ : ص ٣١٤)[٣] .

ساڵی ٢٠٠٤ لە ئەنجامی توێژینەوەیەك کە نموونەکەی کۆلێجی کارگێری و ئابوری – زانکۆی سلێمانی بوە، گەیشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی کە هیچ پەیوەستی و پەیوەندیەکی راستەوخۆ نیە لە نێوان نمرەی خوێندکار لە قۆناغەکانی ئامادەیی لە گەڵ وەرگرتنی خوێندکار لە زانکۆکان ، وە هۆکاری ئەوە دەگەرێتەوە بۆ نەبوونی بنەمای زانستی و ئەکادیمی لە سیستمی وەرگرتنی خوێندکار لە زانکۆکان . ئەوەی شایەنی باسە ئەم توێژینەوەیە ئەوە دەردەخات کە لە کاتی وەرگرتنی خوێندکار بەهیچ شێوەیەك حەز و ئارەزوی خوێندکار و تواناو لێهاتووی خوێندکار بەهەند وەرنەگیراوە، بەڵکو نمرە تاکە پێوەرە لە وەرگرتنی خوێندکار لە زانکۆکان(صالح،٢٠٠٦: ص ١٠٨).

لەروانگەی ئەوانەی باسکران، یە کێك لە رامیاری و ستراتیژە کانی چارەسەرکردنی ئەو کێشە و گرفتانە، بریتین لە پیادەکردنی ڕامیاریەکی نوێ لە وەرگرتنی خوێندکار لە زانکۆ و پەیمانگاکان و تەنها نمرە بە هەند وەرنەگیرێت و نەکرێت بە پێوەری سەرەکی ،هاوکات هەبونی تەواوکاری و پەیوەستی و لێك تێگەیشتنی تەواو لە نێوان سیستمی پەروەردە و سیستمی خوێندنی باڵا، ئەمە جگە لەپێویستی کردنەوەی بەشی تازە و نوێکردنەوەی پسپۆریەکان بە شێوەیەکی بەردەوام بە پشت بەستن بە داواکاری و پێداویستیەکانی بازاری کار (ناصر ،٢٠١٦ : ص ص٧٨-٧٩ ). هەربۆیە پیادەکردن و جێبەجێکردنی ئەم سیستمە نوێیە (سیستمی وەرگرتنی راستەوخۆ) لەهەرێمی کوردستان[٤]، بە رێك و پێکی و بە شێوەیەکی زانستیانەی ئەکادیمیانە ، تارادەیەکی باش ئەو کەم و کورتی و کەلێنانە پردەکاتەوە لە نێوان وەرگرتنی خوێندکار و دەرچووی زانکۆکان و پێداویستیەکانی بازاری کار .

## باسی چوارەم
## شیکردنەوەی داتا و هەڵسەنگاندن سیستمی وەرگرتنی راستەوخۆ لە خوێندنی باڵا
## "کۆلێجی کارگێری و ئابوریی زانکۆیی سلێمانی بەنمونە"

لە بنەما سەرەکییەکانی هەڵسەنگاندنی بواری خوێندن و فێرکردن، کۆکردنەوەی داتا و زانیاریە کە بە شێوەیەکە کە سەرجەم بنەما مو بنچینەکانی بواری هەڵسەنگاندن بگرێتە خۆ، هەر بۆیە ئەم باسە

[٣] یەکێك لە پێوەرەکانی باشی سیستمی خوێندن لە وولاتی سعودیە بریتیە لە بەهەند وەرگرتنی حەز و ئارەزووی خوێندکار و هەڵبژاردنەکانی خوێندکار(الصرايرة و العساف، ٢٠٠٨ : ص ص ٣٨-٣٩) .

[٤] بێگومان چاکسازی کردن لەهەر بوارێك یاخود لەهەر کەرتێك لەکەرتەکانی ئابوری کاریگەری دەبێت لەسەر لایەنەکانی تری وولات جا بەشێوەی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ , بەڵام چاکسازی کردن لەکەرتی فێرکردن چ وەکو سیستەم چ وەکو پرۆگرام یاخود ژینگەی فێرکردن، کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر هەمو لایەنە گرنگەکانی وولات .هاوکات لاوازی و سستی لەهەوڵ دان بۆ چاکسازی کردن لە سیستمی فێرکردن، دەبێتە هۆی دروست بوونی کۆمەڵە گرفتێك بۆ ئێستا و دەبێتە دەردێکی کوشندە بۆ نەوەکانی داهاتوو بەشێوەیەك ڕەنگە دەرفەتی ئەوە نە بێت کەچاکسازی تیادا بکرێت.

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

تەرخانكراوە بۆ خستنە روو و شيكردنەوەی داتا و زانياريە كۆكراوەكان لە ڕێگەی فۆرمی راپرسی و ئەنجامدانی چاوپێكەوتن.

**یەکەم: سیستمی وەرگرتنی خوێندکار لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان :**

سیستمی وەرگرتنی خوێندکار لە زانکۆکان هەرێمی کوردستان بە شێوەی فەرمی لەماوەی ساڵانی خوێندنی (١٩٩٢ – ٢٠١٨) بە سێ سیستمی جیادا تێپەربوە، کە ئەوانیش بریتین لە :

١. سیستمی (ناوەندنی وەرگرتن ): ئەم سیستمە خوی دەبینێتەوە لە پرکردنەوەی فۆرمی تايبەت بەو بەش و كۆلێج و زانكۆيانەی كە خوێندكار پێشكەشی دەكرد(بەپشت بەستن بەو نمرەيەی كەبەدەستی هێناوە لە پۆلی شەشەمی ئامادەيی).

٢. سيستمی (زانكۆ لاين): سيستمی زانكۆلاين لەم ساڵانەی دواييەوە پيادە دەكرێت، كە پرۆسەی پێشكەشكردن و هاتنەوەی ناوەكان پەيوەستكراوە بە سيستمێكی ئەليكترۆنی، كە هەرخوێندكارێك كۆدی تايبەت بەخۆی هەيە، هاوشێوەی سيستمی (ناوەندی وەرگرتن) پشت بەو نمرەيە دەبەسترێت كە خوێندكار بەدەستی هێناوە لە پۆلی شەشەمی ئامادەيی ياخود لە قۆناغەكانی (١٠ و ١١ و ١٢)، وە لە بری پركردنە وە ی دە ستی شێوەی ئە ليكترۆنی بە كاردێت .

٣. سيستمی وەرگرتنی راستەوخۆ: لە ئێستادا سەرباری سيستمی زانكۆ لاين، هاوكات سيستمی وەرگرتنی راستەوخۆ پيادەدەكرێت بۆ ئەو بوار و بەش و پسپۆريانەی كە خوێندكار مەبەستی پێشكەشكردنی هەيە. سيستمی وەرگرتنی راستەوخۆ پشت بەستوە بە (٧٠%)ی نمرەی قۆناغەكانی ئامادەيی و لە(٣٠%)ی نمرەی هەڵسەنگاندنی توانای زانستی خوێندكار ، كە پەيوەستە بە ئەنجامدانی تاقيكردنەوە، ئەنجامدانی چاوپێكەوتن لە هەندێك بەش و كۆلێژی دياريكراو .

هەربۆيە دەتوانرێت ئەوە بوترێت كە هەر سێ سيستمەكە بەجۆرێك لە جۆرەكان تەواوكەری يەكترن وە هيچ سيستمێكيان بێ گرفت و كەموو كورتی نيە ، بەڵام ئەوەی لەم توێژينەوەيە مەبەستە، خستنەڕووی لايەنی باش و لاوازی سيستمی وەرگرتنی راستەوخۆ يە كە بەشێوەيەكی فراوان بۆ خوێندنی ساڵی (٢٠١٧ – ٢٠١٨) پيادەكراوە لە زانكۆ حكومييەكانی هەرێمی كوردستان.

**دووەم : كۆلێجی كارگێری و ئابوریی زانكۆی سلێمانی و شێوازی وەرگرتنی خوێندكار:**

مێژووی دامەزراندنی كۆلێجی كارگێری و ئابوری دەگەرێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٦(بڵام دووبارە كاراكردنە وە ی كۆلێجی كارگێری و ئابوری ساڵی ١٩٩٩) بوە ، كە لەسەرەتادا تەنها بەشەكانی (ئابوری ، ئامار و كارگێری) هەبووە ، بەڵام لە ئێستادا خاوەنی پێنج بەشە (ئابوری ، ئامارو زانياری، ژمێرياری، كارگێری كار و كارگێری بە بازاركردن) وە لەداهاتوودا بەرنامەی زيادكردنی بەشەكان لە ئارادايە، بەهۆی ئەوەی لەم ساڵانەی دوايدا خواستی كەرتی تايبەت لەسەر بەش و پسپۆريە جياوازەكانی كۆلێجەكە زيادیكردوە.

سەبارەت بە سيستمی وەرگرتنی خوێندكار، لە سەرەتای دامەزراندنی كۆلێجەكەوە، وەرگرتنی خوێندكار لەرێگەی ناوەندی وەرگرتن (القبول المركزي) بووە، وە لەم ساڵانەی دوايدا گۆرانكاری كرا لەسيستمی وەرگرتن كەخۆی دەبينيەوە لە سيستمی زانكۆ لاين كە درێژەپێدەری سيستمی (وەرگرتنی ناوەندی)بوو، بەڵام بەهەندێك گۆرانكاريەوە ،وە سيستمی (زانكۆلاين) لە ئێستادا بەردەوامی هەيە،


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.3

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية ص: ٧٢-١٠١
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

هەروەها نوێترین گۆرانکاری کە بۆ ئەمساڵی خوێندن جێبەجێکرا، بریتی یە لە سیستمی وەرگرتنی ڕاستەوخۆ کە شان بەشانی سیستمی زانکۆلاین لە کاردایە[٥] .

لە گرنگترین تایبە تمە ندییە کانی ئەم سیستمە نوێیە (سیستمی وەرگرتنی ڕاستەوخۆ)، بەهەند وەرگرتنی حەز و خولیایی خوێندکار و ئەژمارکردنی نمرەی هەڵسەنگاندنی ئاستی زانستی و توانا و لێهاتووی خوێندکارە (٣٠%) ، هاوکات ئەژمارکردنی نمرەکانی ساڵانی ڕابردوو یاخود نمرەی پۆلی دوانزیی ئامادەیی (٧٠%).

لە کۆلێجی کارگێری و ئابوری بۆ ئەمساڵی خوێندن (٢٠١٧ – ٢٠١٨) نزیکەی (٢٧٠٠ خوێندکار) داواکاریان پێشکەشکرد بۆ هەر(٥) بەشەکەی کۆلێج ، بەڵام تەنها (١٨٠٠خوێندکار) کە دەکاتە نزیکەی (٦٦%) بەشداری تاقیکردنەوەکانیان کرد[٦] ، وە هەروەها لە کۆی ئەو (١٨٠٠ خوێندکارە) تەنها (٥٠٠ خوێندکار چانسی وەرگرتنیان)هەبوە کە دەکاتە نزیکەی(٢٨%)، لەو ڕێژەیەش تەنها (٤٤٣ خوێندکار) چەسپاندنیان بۆکراوە(وەرگیراون)، کەلەم خشتەیەی خوارەوە زانیاری زیاتر خراوەتە ڕوو :

**خشتەی ژمارە (١)**

**ژمارەی خوێندکارانی وەرگیراو لە کۆلێجی کارگێری و ئابوری بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٧-٢٠١٨)**

| بەشەکان | ژمارەی خوێندکاری وەرگیراو | بەشەکان | ژمارەی خوێندکاری وەرگیراو |
|---|---|---|---|
| ئابوری | 88 | کارگێری کار | 88 |
| ژمێریاری | 102 | کارگێری بە بازارکردن | 90 |
| ئامار و زانیاری | 75 | کۆی گشتی | 443 |

سەرچاوە : داتا و زانیاریە فەرمیەکانی یەکەی تۆمار و بەشەکانی کۆلێجی کارگێری و ئابوری ، ٢٠١٨ .

لەخشتەی ژمارە (١) بەدیاردەکەوێت کە جیاوازیەکی ئەو تۆ بەدی ناکرێت لە ژمارەی خوێندکارانی وەرگێراو لەسەرجەم بەشەکانی کۆلێج وە زۆر نزیکن لە یەکەوە، هۆکاری سەرەکی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ

[٥] لە هەرێمی کوردستان :
١. جگە لەم (٣) شێوازی وە رگرتنە ، جۆرێکی تری وەرگرتنی نافەرمی هەبووە کە بە وەرگرتنی تایبەت (قبول الخاص) ناسراوە .
٢. لە ساڵانی ڕابردوو شێوازی وەرگرتنی ڕاستەوخۆ لە زانکۆ تایبە تە کان پە یرە وکراوە.
٣. لە ساڵانی ڕابردوو شێوازی وەرگرتنی ڕاستەوخۆ لە خوێندنی ئێوارانی زانکۆ حکومیە کان پە یرە وکراوە.
٤. لە ساڵانی ڕابردوو "سیستمی وەرگرتنی ڕاستەوخۆ لە خوێندنی بە یانیانی زانکۆ حکومیە کان " لە ئاستێکی کەمدا "لەهەندێك بەش و پسپۆری" پە یرە وکراوە.
٥. لە ئێستادا "سیستمی وەرگرتنی ڕاستەوخۆ" بەشێك لە کۆلێج و بەشەکانی نەگرتۆتەوە ئەویش بەرەچاوکردنی تایبەتمەندی و پسپۆری ئەو بەشانە، بەڵام ڕەنگە لە داهاتوویەکی زۆرنزیکدا بەهەمان شێواز یاخود بە شێوەی جیاواز ئەو بەش و کۆلیج و پسپۆریانەش ببنە بەشێك لەم سیستمی وەرگرتنی ڕاستەوخۆیە .

[٦] .هۆکاری سەرەکی بەشدار نەبوونی بەشێك لەو خوێندکاران لە تاقیکردنەوەکان ، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کات و بەرواری تاقیکردنەوەکان ڕەچاوی تەواوەتی ئەوە نەکرا، کە خوێندکار بۆی هەبووە داواکاری پێشکەش بکات بۆ سێ (بەش ، پسپۆری، کۆلێج)ی جیا، هەربۆیە بەشێك لە تاقیکردنەوەکان یاخود لەڕووی بەروارەوە لە هەمان ڕۆژ و لە هەمان کات یاخود لەهەمان ڕۆژ بەڵام لە کاتی جیاواز ئەنجام دەدران یاخود کات و بەرواری تاقیکردنەوەکان زۆر نزیك بوون لەیەکتریەوە ، واتا هەرکۆلێجێك بەرنامە و پلانی تایبەتی خۆی هەبوو لە دیاریکردنی کات و ڕۆژی تاقیکردنەوەکان ، نەك هەموو کۆلێجەکان پلانێکی هاوبەشیان هەبێت و هەمەهانگیان هەبێت لە چوارچێوەی پلانێکی تۆکمەی زانکۆیی.

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – السـليمانية ص: ٧٢-١٠١
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

گرنگی بەشەکان و نزیك بوون و تێکەڵاوی وانە و بابە تە کانی کۆلێجەکە لەلایەك ،وە هاوشێوەی و نزیکی و تێکەڵاوی پرسیارەکانی هەڵسەنگاندنی توانای خوێندکاران لە کۆلێجی کارگێری و ئابوری لەلایەکی ترەوە.

وە لە ئێستادا، بۆساڵی خوێندنی (٢٠١٧ – ٢٠١٨) کۆیی گشتی خوێندکارانی سەرجەم بەشەکانی کۆلێجی کارگێری و ئابوری بەم شێوەیەی خوارەوەیە :

**خشتەی ژمارە (٢)**

**ژمارەی خوێندکارانی کۆلێجی کارگێری و ئابوری بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٧-٢٠١٨ )**

| بەشەکان | قۆناغی ١ | قۆناغی ٢ | قۆناغی ٣ | قۆناغی ٤ |
|---|---|---|---|---|
| ئابوری | 88 | 87 | 89 | 102 |
| ژمێریاری | 102 | 98 | 110 | 118 |
| ئامار و زانیاری | 75 | 96 | 87 | 100 |
| کارگێری کار | 88 | 109 | 87 | 96 |
| کارگێری بە بازارکردن* | 90 | 63 | * | * |
| *بەشی کارگێری بە بازارکردن تەنها خوێندکاری دوو قۆناغی هەیە ، چونکە بەشێکی تازەیە وە ماوەی دوو ساڵە دامەزراوە . | | | | |

سەرچاوە : داتا و زانیاریە فەرمیەکانی یەکەی تۆمار و بەشەکانی کۆلێجی کارگێری و ئابوری ،٢٠١٨ .

لەخشتەی ژمارە (٢) بەدیاردەکەوێت کە ژمارەی خوێندکارانی کۆلێجی کارگێری و ئابوری لە سەرجەم بەش و قۆناغەکان بۆ ئەمساڵی خوێندن دەگاتە (١٦٨٥ خوێندکار) ، وە جیاوازیەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێت لە نێوان ژمارەی خوێندکارانی وە رگیراو بە م سیستمە نوێ یە و سیستمی ساڵانی پێشوو ، هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکی و تێکەڵاوی وانە و پسپۆریەکانی کۆلێجەکە لەلایەك ، و نزیکی و هاوشێوەی بەرنامەی کار و پلانی وەرگرتنی بەشەکان لە لەلایەکی ترەوە.

**سێهەم: هەڵسەنگاندنی سیستمی وەرگرتنی راستەوخۆ لە خوێندنی باڵا :کۆلێجی کارگێری و ئابوری وەك نموونە:**

ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بەهەڵسەنگاندنی سیستمی وەرگرتنی راستەوخۆ لە خوێندنی باڵا بەگشتی، زانکۆی سلێمانی کۆلێجی کارگێری و ئابوری وەك نموونە وەرگیراوە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتی یە لە (١٦٨٥خوێندکار) ،سەمپڵی توێژینەوەکە بە شێوەی ڕێکخراوی هەرەمەکی (العینة العشوائیة المنتظمة)وەرگیراوە کە بریتیە لە(٢٤٤ خوێندکاری وەرگیراوی قۆناغی یەکەم) وە (٢٠٠ خوێندکاری قۆناغی دووهەم ، سێهەم ، و چوارەم)ی سەرجەم بەشەکان، کە دەکاتە نزیکەی(٣٦%) کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، هاوکات داتا و زانیاریەکان کۆکراونەتەوە لەڕێگەی ئەنجامدانی راپرسی لە نێوان (خوێندکارە تازە وەرگیراوەکان و خوێندکارانی ساڵانی رابردوو) لەبەش و قۆناغە جیاوازەکاندا، هۆکاری سە رە کی بە


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.3

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

شداربپێکردني خوێندکارانی ساڵانی پێشوو به مه به ستی هه ڵسه نگاندنی ئاستی پرسیاره کانی تاقیکردنه وه کانی وه رگرتنی خوێندکاران بۆ خستنه رووی (راده ی قورسی و سووکی پرسیاره کان له رووی زانستی و زمانه وه) ، هاوکات ئەم توێژینەوەیە میتۆدی تێکەڵاوی بەکارهێناوە بۆ هەڵسەنگاندنی سیستمی وەرگرتنی راستەوخۆ لەدید و تێروانینی خوێندکار و یەکە کارگێریەکان و کەسانی شارەزاو پسپۆر، هەربۆ ئەو مەبەستەش پشتی بەستراوە بە (فۆرمی راپرسی ، ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی راستەوخۆ ، نموونەی پرسیاری تاقیکردنەوەکانی وەرگرتنی راستەوخۆ ، داتا و زانیاری بڵاوکراوەی فەرمی). وە لە ئەنجامدا بەم شێوەیەی خوارەوە هەڵسەنگاندن کراوە بۆ سیستمی وەرگرتنی راستەوخۆ:

**أ: لایەنە ئەرێنی و نەرێنیکانی سیستمی وەرگرتنی راستەوخۆ لە دیدی خوێندکارەوە:**

هەڵسەنگاندنی خوێندکارانی وەرگیراو لە کۆلێجی کارگێری و ئابوری بۆ سیستمی وەرگرتنی راستەوخۆ بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

یەکەم: لایەنە باشەکانی سیستمی وەرگرتنی راستەوخۆ :

١. سیستمێکی باشە، چونکە دەرفەتی وەرگرتن بۆ زۆرترین ژمارەی خوێندکار دەرەخسێنێت .

٢. سیستمێکی باشە، چونکە توانا و لێهاتووی خوێندکار رەچاو دەکات، وە حەز و ئارەزوو خوێندکار بە هەند وەردەگرێت لە هەڵبژاردنی بەشە و پسپۆریەکان، هەربۆیە خوێندکار دەتوانێت لە داهاتوودا برەو بەو بوار و پسپۆریە بدات کە هەڵی بژاردوە.

٣. سیستمێکی باشە، بەتایبەت بۆ ئەوانەی کە کۆ نمرەی پۆلی (شەشەمی ئامادەیی)یان کەمە ، چونکە تەنها پشت بە نمرەکانی قۆناغەکانی ئامادەیی نابەستێت، بەڵکو دەرفەتی ئەوە دەداتە خوێندکاری کەم نمرە کە قەرەبووی رابردوو بکاتەوە.

٤. "بەشێك لە خوێندکاران" پێیان وایە سیستمێکی باشە، بەڵام خراپ بەکاردەهێنرێت، هاوکات پێیان وایە سیستمی وەرگرتنی راستەوخۆ باشترە لە هەردوو سیستمی ( وەرگرتنی ناوەندی و سیستمی زانکۆلاین)، ،بەڵام سیستمەکە هەندێك نارێکی تەکنیکی و کارگێری تێدایە و پێویستی بە (رێکخستن و چاکسازی و پەرەپێدانی) زیاتر هەیە .

دووەم: لایەنە لاوازەکانی سیستمی وەرگرتنی راستەوخۆ :

١. نادادپەروەری و نەپاراستنی مافی خوێندکار: ئەم سیستمە نادادپەروەری زۆری تێدایە، چونکە تەنها سیستمێکی باشە بۆ ئەو خوێندکارانەی کە کۆ نمرەیان نزمە لەسەر حیسابی کۆ نمرە بەرزەکان، وە نابێتە هۆی جیاکردنەوەی خوێندکاری نمرە بەرز و نمرە نزم وە هەردووکیان پێکەوە کۆدەکاتەوە. ئەمە جگە لەوەی لەم سیستمە نوێیە مافی بەشێك لە خوێندکاران پارێزراو نیە ، چونکە سەرەرای ئەوەی نمرەی باشیان هەیە، بەڵام مافیان دەفەوتێت بەهۆی درەنگ هاتنەوەی ناوەکانیان .

٢. نمرە پێوەری سەرەکی یە لە وەرگرتنی خوێندکار: لەم سیستمە کەمتر رەچاوی کۆششی ساڵانی رابردووی خوێندکار کراوە ، بۆ نموونە تاقیکردنەوەیەکی زانستی وەرگرتنی راستەوخۆ کە تەنها لە( ٣٠ خولەك) ئەنجام دەدرێت ( ٣٠ نمرەی) لەسەرە، لە کاتێکدا تاقیکردنەوە و دەوامکردن و کۆششی (١٢ ساڵی خوێندکار) تەنها (٧٠ نمرەی) لەسەرە ، هەربۆیە دووبارە هاوشێوەی سیستمی (ناوەندی وەرگرتن و

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.3

زانكۆلاین) نمره و تاقیكردنه‌وه (نه‌ك حه‌ز و لێهاتوویی) كاریگه‌ری و ڕۆڵی گه‌وره‌ی هه‌یه له یه‌كلایكردنه‌وه‌ی چانسی وه‌رگرتن له زانكۆكان به گشتی و به‌ش و كۆلێجه‌كان به‌تایبه‌ت .

٣. گرفتی تاقیكردنه‌وه و پرۆگرامه‌كانی خوێندن : ئه‌م سیستمه نارونی و ئالۆزی و زه‌حمه‌تی زۆری تێدایه به تایبه‌ت، نه بوونی رێبه‌رێكی دیاریكراو بۆ خۆ ئاماده‌كردن بۆ تاقیكردنه‌وه‌ی لێهاتووی (نه‌بوونی پرۆگرامێكی دیاریكراو ، نادیاری ستایلی تاقیكردنه‌وه‌كان)، و چه‌ند گرفتێكی تری په‌یوه‌ست به تاقیكردنه‌وه‌ی توانستی زانستی و لێهاتووی:

أ: ئه‌نجامدانی تاقیكردنه‌وه له (وانه‌یه‌ك ، مادده‌یه‌ك) كه پێشتر له قۆناغه‌كانی ئاماده‌یی تاقیكردنه‌وه‌ی تێدا ئه‌نجامدراوه به سه‌ركه‌وتووی، هه‌ربۆیه ئه‌نجامدانی چاوپێكه‌وتن و هه‌ڵسه‌نگاندنی لێهاتووی باشتره له ئه‌نجامدانی تاقیكردنه‌وه .

ب: گرانی و قورسی به‌شێك له پرسیاره‌كانی تاقیكردنه‌وه‌ی توانستی زانستی خوێندكار،ئه‌ویش به‌هۆی هه‌بوونی پرسیار به‌زمانی (ئینگلیزی و عه‌ره‌بی) ، یاخود هه‌بوونی پرسیاری گشتی و دوور له پسپۆریه‌وه، كه كاریگه‌ری زۆر نابه‌رامبه‌ری دروست كردوه له سه‌ر نمره‌كان و وه‌رگرتنی خوێندكار .

به مه‌به‌ستی هه‌ڵسه‌نگاندنی پرسیاره‌كانی تاقیكردنه‌وه‌ی وه‌رگرتنی خوێندكاران له كۆلێجی كارگێری و ئابوری، وه بۆ زانینی ئاستی پرسیاره‌كان له‌رووی(گرانی و ئاسانی) ، له‌رووی (زمانی عه‌ره‌بی و زمانی ئینگلیزی) ، له‌رووی (پرسیاری ده‌ره‌كی و پرسیاری گشتی)[٧]، ئه‌م توێژینه‌وه‌یه هه‌ڵسه‌نگاندنی كردوه بۆ پرسیاره‌كانی تاقیكردنه‌وه‌ی وه‌رگرتنی خوێندكارانی له‌رێگه‌ی دابه‌شكردنی هه‌مان پرسیاری تاقیكردنه‌وه‌ی وه‌رگرتنی خوێندكارانی قۆناغی (یه‌كه‌م) به‌سه‌ر خوێندكارانی قۆناغه‌كانی (دووه‌م ، سێهه‌م،چواره‌م )ی سه‌رجه‌م به‌شه‌كانی كۆلێجی كارگێری و ئابوری ، له‌م خشته‌یه‌ی خواره‌وه پووخته‌ی هه‌ڵسه‌نگاندنه‌كان ده‌خرێته روو :

**خشته‌ی ژماره (٣)**

**پوخته‌ی تاقیكردنه‌وه و هه‌ڵسه‌نگاندنی خوێندكارانی به‌ش و قۆناغه‌كانی كۆلێجی كارگیری و ئابوری بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٧-٢٠١٨ )**

| به‌شی ژمێریاری | | | | |
|---|---|---|---|---|
| قۆناغ | رێژه‌ی ده‌رچوونی گشتی (%) | رێژه‌ی ده‌رچوونی له پرسیاری كوردی(%) | رێژه‌ی ده‌رچوونی له پرسیاری عه‌ره‌بی و ئینگلیزی(%) | رێژه‌ی ده‌رچوونی له زانیاری گشتی و پرسیاری ده‌ره‌كی(%) |
| 1 | 48 | 55 | 44 | 65 |
| 2، 3 ،4 | 65 | 56 | 53 | 53 |

[٧] به پشت به ستن به نموونه ی پرسیاره كانی تاقیكردنه وه كان و وه رگرتنی رای خوێندكاران : وه‌كو ناوه‌ند نزیكه‌ی (٤٠%) پرسیاره‌كانی وه‌رگرتنی راسته‌وخۆی كۆلێجی كارگیری و ئابوری به زمانی عه‌ره‌بی و ئینگلیزی بووه ، وه نزیكه‌ی له(١٠%) پرسیاره‌كان ، پرسیاری گشتی و ده‌ره‌كین و په‌یوه‌ست نین به پسپۆری خوێندكاره‌وه .


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.3

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| بەشی ئامار و زانیاری | | | | |
| قۆناغ | ڕێژەی دەرچوونی گشتی (%) | ڕێژەی دەرچوونی لە پرسیاری کوردی(%) | ڕێژەی دەرچوونی لە پرسیاری عەرەبی و ئینگلیزی(%) | ڕێژەی دەرچوونی لە زانیاری گشتی و پرسیاری دەرەکی(%) |
| 1 | 49 | 62 | 43 | 47 |
| 2 ، 3 ،4 | 81 | 61 | 53 | 27 |
| بەشی ئابوری | | | | |
| قۆناغ | ڕێژەی دەرچوونی گشتی (%) | ڕێژەی دەرچوونی لە پرسیاری کوردی(%) | ڕێژەی دەرچوونی لە پرسیاری عەرەبی و ئینگلیزی(%) | ڕێژەی دەرچوونی لە زانیاری گشتی و پرسیاری دەرەکی(%) |
| 1 | 52 | 65 | 46 | 58 |
| 2 ، 3 ،4 | 78 | 69 | 47 | 65 |
| بەشی کارگێری کار و کارگێری بە بازارکردن | | | | |
| قۆناغ | ڕێژەی دەرچوونی گشتی (%) | ڕێژەی دەرچوونی لە پرسیاری کوردی(%) | ڕێژەی دەرچوونی لە پرسیاری عەرەبی و ئینگلیزی(%) | ڕێژەی دەرچوونی لە زانیاری گشتی و پرسیاری دەرەکی(%) |
| 1 | 54 | 79 | 40 | 66 |
| 2 ، 3 ،4 | 77 | 69 | 51 | 51 |

سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەران بەپشت بەستن بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی پرسیاری تاقیکردنەوەکان بۆ بەشێك لە خوێندکارانی سەرجەم بەش و قۆناغەکان ، ٢٠١٨ .

لەخشتەی ژمارە (٣) بەدیاردەکەوێت کە هەبوونی پرسیار بەزمانی (عەرەبی و ئینگلیزی) و هەبوونی پرسیاری (گشتی و دوور لە پسپۆریەوە) گرفتێکی راستەقینەبوە ، وە کاریگەری زۆر نابەرامبەری دروست کردوە لە سەر نمرە و وەرگرتنی خوێندکارانی قۆناغی یەکەم ، چونکە هەمان پرسیاری تاقیکردنەوەی وەرگرتنی خوێندکارانی قۆناغی یەکەم دابەشکراوە بەسەر خوێندکارانی قۆناغەکانی (دووهەم ، سێهەم ، چوارەم )ی سەرجەم بەشەکانی کۆلێجی کارگێری و ئابوری ، بەڵام بەشێکی زۆر لە خوێندکارانی قۆناغەکانی (دووهەم و سێهەم و چوارەم) هەمان گرفتی قۆناغی یەکەمیان هەبوە ، وە بەپێچەوانەوە، لە هەندێك بەش و پسپۆری ئاستی خوێندکارانی قۆناغی یەکەم باشتربوە لە قۆناغەکانی (دووهەم و

سێهەم و چوارەم) ، هاوکات کە می یان لاوازی ئاستی زانیاری گشتی خوێندکارش هۆکارێکی تری کە می ڕێژەی دەرچوونە لە زانیاری گشتی و پرسیاری دەرەکی .

٤. "بەشێك لە خوێندکاران" پێیان وایە سیستمێکە، لایەنە خراپەکانی زۆر زیاترە لە لایەنە باشەکانی ، وە پێیان وایە ئە سیستمە تەنها چانسەو هیچی تر، وە سیستمێکی زۆر خراپە لە ڕووی ڕیزبەندی نمرەوە، وە تەنها سوودی بۆ بەشێکی زۆرکەم لە خوێندکاران هەیە، بەڵام زیانەکانی بۆ زۆرێك لە خوێندکارانە، هەربۆیە ئەم سیستمە بۆتە هۆی وەرگرتنی خوێندکاری ئاست جیاواز و دورلەیەکەوە.

**ب: لایەنە باش و لاوازە کانی سیستمی وەرگرتنی ڕاستەوخۆ لە دیدی کەسانی شارەزاو پسپۆرەوە:**

هەڵسەنگاندنی سیستمی وەرگرتنی ڕاستەوخۆ لە دیدی کەسانی شارەزاو پسپۆر و خاوەن ئەزموونەوە "بەتایبەت مامۆستایانی زانکۆ" بەم شێوەیەی خوارەوەیە :

لایەنە باشەکانی سیستمی وەرگرتنی ڕاستەوخۆ :

١. ڕەچاوکردنی ئارەزووی خوێندکار لە هەڵبژاردن و پرکردنەوەی زیاد لە بەش و پسپۆری و کۆلێج و زانکۆیەك .

٢. ئەم سیستمە خوێندکاری زیرەك و لێهاتوو لە خوێندکاری دەراخ جیا دەکاتەوە.

لایەنە لاوازەکانی سیستمی وەرگرتنی ڕاستەوخۆ :

١. نەبوونی پرۆگرامێکی دیاریکراو بۆ تاقیکردنەوەی لێهاتووی، نەبوونی ڕێنیشاندەری تەواو بۆ شێوازی تاقیکردنەوەکان.

٢. نەبوونی پرسیاری کراوە لە تاقیکردنەوەکان ، بۆ نموونە بۆچی پێشکەشی ئەم بەشەت کردوە[8].

**جـ: لایەنە باش ولایەنە لاوازەکانی سیستمی وەرگرتنی ڕاستەوخۆ لە دیدی یەکە کارگێریەکانەوە:**

هەڵسەنگاندنی سیستمی وەرگرتنی ڕاستەوخۆ لە دیدی بەرپرسە کارگێریەکانی پەیوەست بە وەرگرتن و چەسپاندنی بەش و پسپۆریەکان(بە ڕپرسی تۆماری گشتی و بە ڕپرسی یە کە ی تۆماری کۆلێجی کارگێری و ئابوری) بەم شێوەیەی خوارەوەبوە[9]:

[8] فۆرمی ڕاپرسی لە م توێژینە وەیە بۆ سە رجە م سە مپلە کان (خوێندکاران ، کە سانی کارگێری، کە سانی شارە زا ) بە شێوە یە کی کراوە بووە ، وە چاوپێکە وتنی ڕاستە وخۆش ئە نجامدراوە بۆ دە سکە وتنی زانیاري زیاتر و پشتراستکردنە وە ی زانیاریە کۆکراوە کان ، هەربۆیە ئەم توێژینەوەی توانی ئەو کەلێنەی پربکاتەوە ، لەڕێگەی ئەنجامدانی ڕاپرسی بەئاراستەکردنی پرسیاری کراوە لە خوێندکارانی وەرگیراو، بۆچی پێشکەشی ئەم بەشەت کردوە ؟ بۆچی ئەم بەشەت هەڵبژاردوە؟ ، وە دەرئەنجامی ڕاپرسیەکە لە تەوەری داهاتوو دەخرێتەروو.

[9] کۆکردنەوەی زانیاریە فەرمیەکان لە تۆماری گشتی زانکۆی سلێمانی، و یەکەی تۆماری کۆلێجی کارگێری و ئابوری لەڕێگەی ئەنجامدانی چاوپێکەوتن و ئامادەکردنی فۆرمی تایبەتەوە بووە .


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.3

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

یەكەم: لایەنە باشەكانی سیستمی وەرگرتنی راستەوخۆ :

١. دەرفەتی پێشكەشكردن و وەرگرتن رەخساوە بۆ ژمارەیەكی زۆر لە خوێندكاران، سەرەرای كەمی كۆنمرەكانیان.

٢. خواستی خوێندكار رەچاو كراوە لە پێشكەشكردن و چەسپاندنی ئەو بەش و پسپۆریەی كە خوازیاری بووە.

٣.لێهاتووی و توانای رەچاو كراوە لەوەرگرتنی خوێندكار بۆ ئەو بەش و پسپۆریەی كە خوازیاری بووە.

دووەم: لایەنە لاوازەكانی سیستمی وەرگرتنی راستەوخۆ :

١. ئەم سیستمە كێشە و گرفتی كارگێری و تەكنیكی زۆری تێدایە: كێشە و گرفتی زۆر و هەمەلایەن هەیە لەسیستمەكە بەتایبەت لە پرۆسەی (پێشكەشكردن ، وەرگرتن ، چەسپاندن)ی خوێندكار. لەدیارترین كێشە وگرفتەكانی پەیوەست بە لایەنی كارگێری و تەكنیكی:

أ: هەبوونی هەڵەی كۆد بەتایبەت كۆدی دووبارە كە دوو خوێندكار هەمان كۆدیان هەبێت .

ب: درێژی ماوەی پرۆسەكە بۆ (پێشكەشكردن و وەرگرتن، وە هاتنەوەی ناوەكان).

ج: كورتی ماوەی پرۆسەی ئەلیكترۆنی بۆ چەسپاندن ناوی خوێندكارلە بەش و پسپۆریەكان.

د: بەهەڵواسراوی مانەوەی ناوی بەشێكی زۆر لە خوێندكاران لەژێر ناونیشانی چاوەروانی ، ئەمە هۆكار بووە بۆ وەرنەگرتنی بەشێك لە خوێندكاران و ماف خورانی بەشێكی تر لە خوێندكاران كە ئەو دەرفەتەیان لەدەست چووە كە پێشكەشی بەش و پسپۆری و زانكۆیەكی تری بكەن .

٢. ئەم سیستمە دابەزاندن و گواستنەوە تێدا نیە: لەم سیستمە لەگەڵ چەسپاندنی ناوی خوێندكار سەرجەم چانسەكانی تر دەفەوتێت، وە خوێندكار تەنها یەك جار بۆی هەیە چەسپاندن بكات، و توانای هەڵوەشاندنەوە و دابەزاندن و گواستنەوەی نیە .

٣. حەز و ئارەزووی خوێندكار سنورداركراوە : سەرەرای هەبوونی ئارەزوومەندی لە هەڵبژاردنی بەش و پسپۆری و كۆلیج و زانكۆكان، بەڵام زۆر بەكەمی ئەو شوێنە دێتەوە كە خوێندكار ئارەزووی لێیەتی و بەدڵێتی ، چونكە حەز و ئارەزووی خوێندكار سنورداركراوە بە نمرە و رێنمایی و لایەنی تەكنیكی .

٤. لاوازی هۆشیاری و كەم شارەزایی خوێندكاران و كەس و كارەكانیان: لاوازی هۆشیاری و كەم شارەزایی خوێندكارانی ئامادەیی و نەبوونی زانیاری و رێبەری پێویست كە رێپیشاندەریان بكات ، بۆنموونە زۆری خواست لەسەر چەند بەشێكی دیاریكراو وە پابەند بوونی خوێندكار بەو بەشانەوە كە چانسی وەرگرتنی زۆر ئەستەمە، هاوكات كەمی و لاوازی هۆشیاری كەس و كاری خوێندكاران و پێداگریان لەسەر ئەوەی كە نەوەكانیان دەبێت ئەو بەش و پسپۆریەی هەڵبژێرن كە ئەوان ئارەزووی دەكەن، بەبێ گوێدانە ئارەزوو و توانای نەوەكانیان، ئەمانەش هۆكار بوونە بۆ دروستكردنی ئاستەنگێكی زۆر بۆ سیستمەكە لە لایەك و بۆ خودی خوێندكار لەلایەكی ترەوە .

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.3

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – الـسـليمانية
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

لەروانگەی ئەوانەی باسکران، دەتوانرێت ئەوە بوترێت، کە شتێکی ئاساییە لە قۆناغی یەکەمی جێبەجێکردنی هەرسیستمێك کۆمەڵە کەم و کورتیەکی کارگێری و زانستی هونەری رووبدات ، ئەو کەم و کورتیانە مانای خراپی سیستمەکە ناگەیەنن، بەڵکو مانای ئەوەیە ئامادەسازی تەواو نەکراوە لەو بوارەدا، و لاوازی هەیە لە جێبەجێکردنی سیستمەکە وە ژینگەی جێبەجێکردنی سیستمەکە وەکو پێویست نیە.

**د: هۆکار و پاڵنەرەکانی پێشکەشکردن و چەسپاندنی لە بەش و پسپۆریەکان :**

بێگومان کۆمەڵە فاکتەرێکی ئاشکراو و شاراوە هەن لە پشت پێشکەشکردن و دواتر چەسپاندنی بەش و پسپۆریەکانیان .ئەوەی پەیوەستە بە خوێندکارانی کۆلێجی کارگێری و ئابوری ، هۆکار و پاڵنەری جیا جیا لەپشت پێشکەشکردن و وەرگرتن و چەسپاندنی بەشەکانەوەیە ، هەربۆیە لەم خشتەیەی خوارەوە هۆکارە سەرەکیەکانی پێشکەشکردن و چەسپاندن لە بەش و پسپۆریەکانی کۆلێجی کارگێری و ئابوری دەخرێتەروو لە دیدی خوێندکارانەوە:

**خشتەی ژمارە (٤)**
**هۆکارەکانی پێشکەشکردن و چەسپاندن لە کۆلێجی کارگێری و ئابوری بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٧-٢٠١٨ )**

| بەشەکان | هۆکارەکانی پێشکەشکردن و چەسپاندن | | | |
|---|---|---|---|---|
| | داهاتووی بەشەکە لە بەدەستهێنانی هەلی کار و بەدیهێنانی ئامانجەکان (%) | بە ناچاری و نمرە وسیستمەکە بەشەکەی بۆ دیاریکردوە (%) | هاندانی کەس و کار و هاورێ(%) | حەز و ئارەزوو بۆ بەشەکە و توانای لەم بەشە دەبینێتەوە (%)* |
| ئابوری | 20.83 | 28.13 | 12.5 | 38.54 |
| کارگێری بە بازارکردن | 6.90 | 51.72 | 3.45 | 37.93 |
| کارگێری کار | 35.09 | 21.05 | 8.77 | 35.09 |
| ژمێریاری | 36.21 | 25.86 | 8.62 | 29.31 |
| ئامار و زانیاری | 30.77 | 58.98 | 2.56 | 7.69 |
| ناوەند | **25.96** | **37.15** | **7.18** | **29.71** |

* بەشێك لە خوێندکارانی بە شە کانی ئابوری و کارگێری حەز و ئارەزوویان بۆ بەشەکە دەگەرێننەوە بۆ کاریگەری و خۆشویستنی مامۆستا ئابوری لە قۆناغی ئامادەیی .

** ژمارەی خوێندکارانی قۆناغی یەکەم کە بەشداری راپرسیەکەیان کردوە بریتین لە (٢٤٤ خوێندکار ) کە بەم شێوەیە دابەشبوونە :


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.3

(کارگێری کار ٧٣ خوێندکار ، ئابوری ٧٠ خوێندکار ، ژمێریاری ٣٩ خوێندکار ، ئامارو زانیاری ٣٤ خوێندکار ،کارگێری بە بازارکردن ٢٨ خوێندکار) .

*** ناوەندی نمرەی وەرگیراو لە بەشەکانی کۆلێجی کارگێری و ئابوری بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٧ – ٢٠١٨ ) لە نێوان (٦٥ - ٨٨) بووە.

**** بە شێوەیەکی گشتی وەکو ناوەند ئەو خوێندکارانەی کە کۆ نمرەی پۆلی شەشەمی ئامادەیی کە م بوە لە (٧٠) ، بە رزترین نمرەی تاقیکردنەوەی زانستی و لێهاتوویان (٣٠) یان بە دە ستهێناوە ، وە توانیویانە قەرەبووی کەمی نمرەکانی قۆناغەکانی ئامادەیی بکەنەوە.

سەرچاوە : ئامادەکردنی توێژەران بە پشت بەستن بە ئەنجامدانی راپرسی لە نێوان (٢٤٤ خوێندکار لە کۆی ٤٤٣ خوێندکار = ٥٥%) وەرگیراوی قۆناغی یەکەمی سەرجەم بەشەکان ،٢٠١٨ .

لەخشتەی ژمارە (٤) بەدیاردەکەوێت کە هۆکارەکانی پێشکەشکردن و چەسپاندن لە کۆلێجی کارگێری و ئابوری جیاوازە لە بەشێکەوە بۆ بەشێکی تر و لە ریزبەندیەکەوە بۆ یەکێکی تر . بەگشتی فاکتەر و هۆکاری (بە ناچاری و نمرە وسیستمەکە بەشەکەی دیاریکردوە) بەرزترین رێژەی تۆمارکردوە کە بریتی یە لە(٣٧,١٥%)، هەرچەندە ئەم رێژەیە بۆ بەشی (ئامار و زانیاری) لە بەرزترین ئاستدایە ، هاوکات رێژەی فاکتەری (حەز و ئارەزوو و توانای خوێندکار) بە پلەی دووەم دێت بەرێژەی (٢٩,٧١%) ،وە ئەم رێژەیە بۆ بەشی (ئامار و زانیاری) لە نزمترین ئاستدایە . هۆکاری سەرەکی ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ سروشت و تایبەتمەندی بەشی (ئامار و زانیاری) و جۆر و پێکهاتەی ئەو پرۆگرام و ماددانەی کە لەبەشەکە دەخوێنرێت.

سەبارەت بە هۆکاری (داهاتووی بەشەکە لە بەدەستهێنانی هەلی کار و بەدیهێنانی ئامانجەکان) بە پلەی سێهەم دێت، هەرچەندە بۆ بەشی (کارگێری بە بازارکردن) ئەم رێژەیە زۆر کەمە و تەنها (٦,٩٠%)یە، وە رەنگە هۆکارەکەی بگەرێتەوە بۆ تازەیی بەشەکە و نەبوونی دەرچووی ساڵانە ، کە وایکردبێت بەرچاو روونی تەواو نەبێت لەسەر ئایندەی بەشەکە و تێکەڵاوبوونی و یەکانگیری بەشی (کارگێری بەبازارکردن) لەگەڵ بەشی (کارگێری کار) ، هەربەو هۆیەوە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی و لێهاتووی خوێندکاران بۆ هەردوو بەشەکە هەمان پرسیار بوون.

لە هەمان خشتە بەدیاردەکەوێت (هاندانی کەس و کار و هاورێ) هۆکارێکی تری کاریگەرە لە پرۆسەی هەڵبژاردن و چەسپاندنی بەش و پسپۆریەکانی کۆلێجی کارگێری و ئابوری، کە رێژەکەی بریتی یە لە (٧,١٨%) ، سەرەرای ئەوەی کاریگەری ئەم فاکتەرە بۆ هەردوو بەشی (کارگێری بە بازارکردن و ئامار و زانیاری) لە کەمترین ئاستدان وە بریتین لە (٣,٤٥% ، ٢,٥٦%) .

ص: ٧٢-١٠١ المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

## دەرئەنجام و پێشنیار

### یەکەم : دەرئەنجامەکان :

بەپشت بەستن بە شیکردنەوەی داتاکان ، ئەم توێژینەوەیە گەیشتۆتە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

١. سیستمی وەرگرتنی راستەوخۆ ، سیستمێکی زۆر باشە، چونکە توانا و لێهاتووی و حەز و ئارەزووی خوێندکار بە هەند وەردەگرێت لە هەڵبژاردنی بەش و پسپۆریەکان، هاوکات دەرفەتی پێشکەشکردن و وەرگرتن دەرەخسێنیت بۆ ژمارەیەکی زۆر لەو خوێندکارانە ی کە کۆنمرەکانیان کە مە ، لە کاتێکدا لە هەردوو سیستمی (وەرگرتنی ناوەندی و سیستمی زانکۆلاین) ئە و دە رفە تە بۆو شێوە یە نە دە رە خسا .

٢. سیستمی وەرگرتنی راستەوخۆ باشترە لە هەردوو سیستمی (وەرگرتنی ناوەندی و سیستمی زانکۆلاین)، پێویستی بە (رێکخستن و چاکسازی و پەرەپێدانی) زیاتر هەیە .

٣. سەرەرای باشیەکانی سیستمی وەرگرتنی راستەوخۆ ، بەڵام بەهۆی خراپ بەکارهێنانی سیستمەکە، کێشە و گرفتی کارگێری و تەکنیکی زۆر و هەمەلایەنی تێدایە، هاوکات نەبوونی رێنیشاندەر و پرۆگرامی دیاریکراو بۆ شێوازی تاقیکردنەوەی لێهاتووی، ولاوازی هۆشیاری خوێندکاران ، کۆسپی سەرەکی بەردەم سیستمەکەن .

٤. هۆکارەکانی پێشکەشکردن و چەسپاندن لە کۆلێجی کارگێری و ئابوری جیاوازە لە بەشێکەوە بۆ بەشێکی تر و لە ریزبەندیەکەوە بۆ یەکێکی تر، بەگشتی فاکتەر و هۆکاری (ناچاری ، نمرە ، سیستم) بەرزترین رێژەی تۆمارکردوە کە بریتی یە لە(٣٧,١٥%)، لەکاتێکدا رێژەی فاکتەری (حەز ، ئارەزوو ، توانای خوێندکار) بە پلەی دووەم دێت بەرێژەی (٢٩,٧١%)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، سەرەرای کەم و کورتیەکان، سیستمەکە توانیوێتی تارادەیەکی باش رەچاوی ئارەزووی خوێندکار بکات و برەو بەتواناکانیان بدات.

### دووەم : پێشنیارەکان :

بەپشت بەستن بە دەرئەنجامەکان، ئەم توێژینەوەیە پێشنیاری ئەم خاڵانەی خوارەوە دەکات بۆ برەودان بەسیستمی وەرگرتنی راستەوخۆ :

١. دانانی پلان و ستراتیژ روون و ئاشکرای درێژخایەن لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بە هاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە کە (مدخلات – ئەرك و تێچوون) سیستمەکەیە ، و لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی کە (مخرجات- کەڵك و داهات)ی سیستمەکەیە، هاوکات لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان کە رێکخەر و سەنتەری پەیوەستکردنی (مدخلات ) و (مخرجات)ی سیستمەکەیە .


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.3

٢. پێویسته سیستمی خوێندنی زانكۆیی پشت بەستوو بێت بە پێداویستیەكانی( ئێستا و داهاتووی) بازاری كار، و پەیوەندی هەبێت لە نێوان پرۆگرامی خوێندنی پێش زانكۆیی (سیستمی پەروەردە) و خوێندن و پرۆگرامی زانكۆیی(سیستمی خوێندنی باڵا) و بازاری كار(وەزارەتی پلاندانان). بۆ ئەم مەبەستە پێویستە سیستمی وەرگرتنی راستەوخۆ پەرەی پێبدریت لەرووی پرۆسەی پێشكەشكردن و وەرگرتن، و چەسپاندن ناوی خوێندكار لە بەش و پسپۆریەكان ، هاوكات پێویستە سود وەربگیرێت لە ئەزموونی وڵاتانی پێشكەوتوو لەم بوارەدا.

٣. هەبوونی پلانێكی تۆكمە لە نێوان زانكۆكان و كۆلێج و بەشەكان، بۆ پیادەكردنی سیستمی وەرگرتنی راستەوخۆ بەشێوەیەكی كارا، هاوكات چاودێریكردنی راستەوخۆی سیستمی وەرگرتن و پرسیاردانان لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی. بەتایبەت لەرێگەی دانانی رێبەر و رێنیشاندەری دەربارەی بەروار و كاتی پێشكەشكردن و تاقیكردنەوە و چاوپێكەوتنەكان، هاوكات دانانی بەرنامە و پرۆگرامی تاقیكردنەوە و چاوپێكەوتنەكان (ئەو بابەت و ماددە و پرۆگرامانەی كە دەچنە چوارچێوەی چاوپێكەوتن و تاقیكردنەوەكان).

٤. پێویست دەكات بە بەردەوامی توێژینەوە ئەنجام بدرێت لەم بوارەدا: ئەنجامدانی توێژینەوە بۆ هەڵسەنگاندنی سیستمی وەرگرتنی راستەوخۆ لە ساڵانی ئایندە بۆ زانینی ئاستی سەركەوتن و بەرەوپێشچوونی سیستمەكە، بەوەی تاچ رادەیەك سیستمەكە توانیوێتی ببێتە هۆكار بۆ بەدیهێنانی حەزوو ئارەزووی خوێندكار و برەودان بە تواناكانیان ئەمە لەلایەك، وە تاچ ئاستێك سیستمەكە توانیوێتی رۆڵی هەبێت لە دابینكردنی پێداویستیەكانی بازاری كار.

## سەرچاوەكان

**یەكەم: كتێب:**

١. مصدف جميل الحبيب،١٩٨١، التعليم و التنمية الاقتصادية، منشورات وزارة الثقافة و الاعلام، الجمهورية العراقية، دارالرشيد للنشر،بغداد.

٢. سهيل الحمدان، ٢٠٠٢، اقتصاديات التعليم " تكلفة التعليم و عائداتة" الطبعة الاولى ، مؤسسة رسلان علاءالدين ، الدار السورية الجديدة، دمشق، سوريا .

٣. د.عبدالله زاهي الرشدان،٢٠٠٨، في اقتصاديات التعليم، الجزء الاول و الجزء الثانى، الطبعة الثالثة ، دار وائل للنشر و التوزيع، عمان .

٤. فيصل على خورشيد ، ٢٠٠٨ ، التعليم و تنمية الموارد البشرية " مدينة السليمانية حالة دراسية خاصة خلال الفترة ١٩٩٧-٢٠٠٧ " ، الطبعة الاولى ، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانيه.

٥. صباح فيحان محمود و ياسين طه محمود، ٢٠١٦، دور التعليم فى التنمية البشرية فى العراق للفترة (١٩٨٠ – ٢٠١٣)، مجلة جامعة التنمية البشرية ، جامعة التنمية البشرية، العدد (٢).

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

٦. شهيد يوسف، ٢٠٠٧ ، دور الجامعات فى التنمية الاقتصادية- ترجمة ، شعبان خليفة، اصدارات البنك الدولي باللغة العربية.

**دووهەم: ماستەر نامه و تێزی دكتۆرا :**

١. أسراء حسين ناصر، ٢٠١٦، الاستثمار الخاص في التعليم العالي (العراق حالة دراسية)، كلية الإدارة والاقتصاد، جامعة القادسية، رساله ماجستير غير منشورة.

**سێهەم: گۆڤار :**

١. أمال كمال حسن البرزنجي و نوفل عبدالرضا علوان ، ٢٠٠٤، بناء و تطبيق نموذج الادارة الجودة الشاملة للنهوض بالمؤسسات التعليمية فى العراق"دراسه تطبيقية" ، مجلة الادارة و الاقتصاد، جامعة المستنصرية ، العدد (٥١).

٢. أسعد حمدي محمد ماهر، ٢٠١٧، اتجاهات تكوين رأس المال البشري في اقليم كوردستان - العراق، مجلة جامعة التنمية البشرية، جامعه التنمية البشرية ، المجلد (٣)، العدد (٢).

٣. حسناء ناصر ابراهيم و محمد صالح الكبيسي، ٢٠١١، قياس معدل العائد الاقتصادي للتعليم الجامعي لكليات مختارة في العراق، مجلة جامعة التنمية البشرية، جامعة التنمية البشرية ، العدد (٤).

٤. يوسف جحيم سلطان الطئي و هاشم فوزي دياس العبادي، ٢٠٠٧، تسويق خدمة التعليم الجامعي و ملائمتها مع احتياجات الزبون " دراسه تطبيقية- جامعة الكوفة"، مجلة الادارة و الاقتصاد ، جامعة المستنصرية ، العدد (٥٦).

٥. لورنس يحيى صالح، ٢٠١٤، التعليم و التنمية فى الدول النامية " العراق حالة دراسية" ، مجلة الادارة و الاقتصاد، جامعة المستنصرية ، العدد (٩٩).

٦. ماجد محمد صالح و يسرى أحمد جرجيس و نقال على سليمان ، ٢٠١٦ ، التعليم الالكتروني ، معوقات التطبيق وسبل المعالجة دراسة حالة في الجامعة التقنية الشمالية، مجلة جامعة التنمية البشرية، جامعة التنمية البشرية، المجلد (٢)، العدد (٤).

٧. محمد سلمان محمد ، ٢٠٠٤، بطاله الخريجين فى اقليم كوردستان " دراسه تطبيقيه فى مدينة اربيل" ، مجلة الادارة و الاقتصاد، جامعه المستنصرية ، العدد (٥٢).

٨. محسن الظالمي و احمد الامارة و أفنان عبد علي الاسدي، ٢٠١٢، قياس جودة مخرجات التعليم العالي من وجهة نظر الجامعات و بعض مؤسسات سوق العمل (دراسه تحليليه في منطقه الفرات الأوسط، مجلة الادارة و الاقتصاد، جامعة المستنصرية ، العدد (٩٠).

٩. مناهل مصطفى العمري و افتخار محمد مناحي الرفيعي و انتصار محي الخطيب ، ٢٠١٦، واقع و متطلبات وسائل التعليم الحديثه (التعليم الالكترونى، مجله الدنانير، كليه الادارة والاقتصاد، الجامعة العراقية ، العدد (٩).


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.3

١٠. منتهي احمد محمد النيعمي، ٢٠٠٨، التعليم السياحي في العراق "دراسة لعينة من طلبة قسم السياحة و ادارة الفنادق في كلية الادارة و الاقتصاد " كنموذج للتعليم السياحي الجامعي، مجلة الادارة و الاقتصاد، جامعة المستنصرية ، العدد (٧٣).

١١. سالم محمد البياتي و حسناء ناصر ابراهيم، ٢٠٠٧، اثرالعوامل الاقتصادية والاجتماعية على تسرب طلبة الجامعات "دراسة جامعة بغداد نموذجا"، مجلة كلية بغداد للعلوم الاقتصادية الجامعة العدد (١٤) .

١٢. سميرة محمد صالح ، ٢٠٠٤، تحليل العلاقة بين اداء الطالب في السنه الاخيرة للجامعة و السنوات السابقة لها باستخدام الارتباط القويم ، مجلة الادارة و الاقتصاد، جامعة المستنصرية ، العدد (٦٠).

١٣. عمرو هشام محمد و أحمد حافظ الطائى، ٢٠١٥، كفاءة النظام التعليمي في العراق بعد عام ٢٠٠٣، مجلة الادارة و الاقتصاد، جامعة المستنصرية ، العدد (١٠٢).

١٤. فيصل ناجي نامق، ٢٠١٤، اثر العوامل المختلفه على بناء الدوال التمييزية لتصنيف الطلبة للدراستين الصباحية و المسائية "دراسة حالة في احدى كليات التعليم العالي في العراق" ، مجلة الادارة و الاقتصاد، جامعة المستنصرية ، العدد (٩٩).

١٥. خالد احمد الصرايرة و ليلى العساف ، ٢٠٠٨ ، ادارة الجودة الشاملة في مؤسسات التعليم العالي بين النظريه و التطبيق، المجلة العربية لضمان جودة التعليم الجامعي، العدد (١) .

١٦. نياز نجم الدين نووری ،٢٠١٥، كاریگەری خەرجی گشتی لەسەر زانكۆكانی حكومەت (٢٠٠٥ – ٢٠١٤) زانكۆی سلیمانی و پۆلیتەكنیك وەك نمونە ،گۆڤاری زانكۆی سلێمانی B ، زانستە مرۆڤایەتیەكان، ژمارە (٤٦) .

١٧. یونس علی أحمد ،٢٠٠٨، رۆڵی فێركردن لە گەشەی ئابوریدا ،وەرز گۆڤاریكی توێژینەوەیە ،شوناس، ژمارە (١ و ٢).

**فۆرمی راپرسی(١)**

زۆر بەرێز بەرپرسی یەكەی تۆماری گشتی ............... بابەت/ئەنجامدانە توێژینەوە
زۆر بەرێز بەرپرسی یەكەی تۆماری كۆلێج ............... بابەت/ئەنجامدانە توێژینەوە

پاش سڵاو رێز...
داواكارم لەبەرێزتان كە هاوكارمان بن لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوە زانستیە دەربارەی هەڵسەنگاندنی سیستمی وەرگرتنی راستەوخۆ لە زانكۆی سلێمانی . هاوكاریتان جێی سوپاس و پێزانینە.

**یەكەم : لایەنە باشەكانی سیستمیوەرگرتنی راستەوخۆ:**

**١.**
**٢.**
**٣.**
**٤.**
**٥.**

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – السـليمانية
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

٦.

**دووەم : لایەنەلاوازەکانی سیستمی راستەوخۆ :**

١.
٢.
٣.
٤.
٥.
٦.

## فۆرمی راپرسی(٢)

زۆر بەڕێز خوێندکارانی قۆناغی یەکەم ............... بابەت/ئەنجامدانە توێژینەوە

پاش سڵاو ڕێز...
داواکارم لەبەرێزتان کە هاوکارمان بن لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوە زانستیە دەربارەی هەڵسەنگاندنی سیستمی وەرگرتنی راستەوخۆ لە زانکۆی سلێمانی . هاوکاریتان جێی سوپاس و پێزانینە.

**یەکەم :بۆچیپێشکەشی ئەم بەشەت کردوە؟ هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەم بەشەچیە؟**

١.
٢.
٣.
٤.
٥.
٦.

**دووەم : لایەنە باش و لاوازەکانی سیستمی وەرگرتنی راستەوخۆ دیاری بکە:**

١.
٢.
٣.
٤.
٥.
٦.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.3